# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (160) بەرواری 1-2-2024 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


"شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان"

**پەیوەندی، فێرکردن، ڕێنماییکردن**

بەشی یازدەهەم... ل10

ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی سەرتاسەری مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازی... لە وەڵام بە ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی


ل13

## وتەی ژمارە

# پرسی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان لە عێراق!

## عەبدوڵا مەحمود

ئەم ڕۆژانە باسی پرسی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانان لە عێراق هێنراوەتەوە سەر مێز. هاتنە ئارای ئەم پرسە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە جەنگ و داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیلەوە هەیە بۆسەر فەلەستینیەکان و غەززە. ئەوەی



ئەو پرسەی جاریکی تر وروژاندووە دەوڵەتی عێراق نییە، بەڵکو ئێرانە کە هەژموونی بەسەر دەوڵەت و بڕیاری سیاسی عیراقدا هەیە و لە چوارچێوەی ململانێی تازەیەدا لەگەڵ ئەمریکا ئەم پرسەی کردۆتەوە بە دۆسیەی ڕۆژ.

ئێران بەوێنەی قوتبێکی ناوچەیی نەک هەر ئامادەیی هەیە لە زوربەی پرس و کیشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکەدا، بەڵکو کاراکتەرێکی کاراو بەشێک لە خوڵقینەرانی ئەم دۆخەیە. هێنانە گۆڕێ پرسی کشانەوەی هیزەکانی هاوپەیمانان، لەلایەن ئیرانەوە بە زمانی بەرپرسان و حکومەتی عێراقی، بەجیا لە خستنەرووی باڵادەستی ئیران بەسەر عێراقدا، شکستی ئەمریکا لە عێراقدا لە پایەترین ئاستی خۆیدا دەخاتە ڕوو. ئیران بەوە جوڵەخستنی هێزە میلیشیاکانی گوێ رایەڵی خۆی بە بۆردومانکردنی بنکە سەربازیی و هەواڵگرییەکانی و ئەمریکا و دۆستەکانی، بەرەیەکی جەنگی هەراسانکەری ناراستەوخۆی بەدژییاندا کردۆتەوە. پاساویش بۆ ئەم بەرە جەنگە هەراسانکەرە، لەلایەکەوە پشتیوانی ئەمریکا لە ئیسرائیل و لەلایەکی تریشەوە داگیرکاری و ژێر پێخستنی سەروەری عێراق! ە. جیا لەوانە پاساوی داعش و مەترسیەکانی تا رادەیەکی زۆر کۆتایی هاتووەو هاوکات سوپاو دەزگا ئەمنیەکانی عێراق، توانای

بۆ لاپەڕە 2

# کام بژاردە بەرگری لە ناڕەزایەتی مامۆستایان بۆ موچەکانیان یان بەرگری لە دەسەڵاتی موچە بڕ؟!



نزیکەی پێنج مانگە، بەشێکی زۆر لە مامۆستایان و وانەبێژان و فەرمانبەران، بە ناچاری و بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەرانی خۆیان و خێزانەکانیان، دەستیان داوەتە نارەزایەتی لە یاداشت نووسینەوە بۆ بایکۆت و لە مانگرتنەوە بۆ خۆپیشاندان... کەچی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم نەک هەرخۆی لە وەڵام بە داخوازییە رەواو سادەکانیان دەدزێتەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەن پاساوی ڕاگرتنی خوێندن بخەنە سەرشانی مامۆستایان و وانەبێژان و کۆمەڵگە لە کەم تەرخەمی مامۆستایان،


بۆ لاپەڕە 3

# بە سەرکوت و ئیعدام، شەپۆلی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی لە دژی جمهوری ئیسلامی بەری پێناگیرێت؟!




لەدوای بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی دوو ساڵی رابردوو، کە لەدرێژەی بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاریی و جەماوەری ٤ دەیەی پێشودا، بە هیزێکی گەورەتر و جەماوەری تر و رادیکالتر و سەراسەری تر و درێژ مەوداوە هاتنە مەیدان و پایەکانی سەرجەم نیزامی جمهوری ئیسلامی خستە لەرزە، و ترس و سامی رژێمی شکاند و هاوسەنگی هێزی بە سودی جەماوەری کریکار و بێبەشی ئیران گۆڕی و گوزی

بۆ لاپەڕە 3



## لە یادی مەرگی لینیندا – بژی کۆمۆنیزم، بژی، لینین!

ل8

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* حاکم رزگار بەرگری لە هەژاران دەکات یان بۆ دەسەڵات دەپارێتەوە؟.....................ل4
* سەرچاوەی نەهامەتییەکانی ئێستا سیستەمی سەرمایەدارییە نەک.................ل4
* حاکم ڕزگار لەمەئمورییەتێکی فاشلدا..........................................................................ل6
* مامۆستا حەسەن عەباس وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە......................................ل5
* ناميلكەی (حیکمەتیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری) و چەند سەرنجێك........................ل9


## دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە کوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئاییندەی سیاسی کوردستان"



هاوڕێ عوسمان حاجی مارف وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...

ل11_12

ل7 | کۆشەی ئەدەب و هونەر | ل5 | پرسی ڕۆژ

# درێژەی وتەی ژمارە

بەرگری لەخۆکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانیان بۆسەر عێراق هەیە. ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانانیش هەمیشە پیداگریان لەسەر ئەوە کردووە کەهێزەکانیان لەسەر داوای عێراق و بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داعش و پاراستنی ئەمنیەتەکەی لە عێراقدان. بەو پێیەش هەر کاتێک عێراق ویستی دەتوانێت داوا لە هێزەکانی هاوپەیمانان بکات عێراق بەجێ بهێڵن. لە ئێستادا کە داعش بوونی سەربازی و هەرەشەی جدی نییە، ئەو بوارەی داوە بە ئێران کە حکومەتی عێراق هان بدات بۆ دانیشتن و ڕێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا، بۆ کشانەوەی هێزەکانیان. دیارە بوونی داعش تەنها پاساوێکە بۆ بوونی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان لە عێراقدا. بۆ ئەمریکا بوونی داعش و مەترسی ئەمنی لەسەر عیراق، تەنها پاساو ڕووپۆشێکە بۆ دەستێوەردان و کۆیخایەتی ململانێ لەسەر بەرژەوەندییەکانی لەناوچەکەدا، خودی ئەمریکا بەداگیرکاری و ملهوری نواندنی لەناوچەکەدا، ژینگەی دروستبوونی داعش و رەوتە ئینسان کوژەکانی تری خولقاندووە، لەوەش زیاتر هیچ دەوڵەتیک بە ئەندازەی ئەمریکا لە هاوکاری و دروستکردنی رەوتە ئیسلامی و ئینسان کوژەکابدا، ئەندازیار و بەرژەوەندخواز نەبووە. بۆ ئیرانیش پرسی وروژاندنی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا، لەبەر خاتری ئەمنیەت و سەروەری!! عێراق نییە، خودی ئیران بە دروستکردنی دەیان هێزو میلیشیای وابەستە بەخۆی و بە هەژموونی تەواو بەسەر دۆخی سیاسی عێراق و بریاری سیاسیدا، هیچ جێگایەکی بۆ سەروەری!! عێراق نەهێشتۆتەوە. بۆ ئێران بەدەستەوە گرتنی عێراق و سوریا و هەژموونیەکەی بۆ بەکارهێنانی ئەو وڵاتانەیە لە ململانێی خۆیدا لەگەڵ ئەمریکا. هاوکات ئیران نایەوێت دۆخی عێراق بەرەو پشێوی بڕوات و لەژێر هەژموونی خۆی بچێتە دەرەوە و لێدانیش لە بنکەو بارەگاکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان و دۆستەکانیان، لەلایەن هێزە نیابەتیەکانی خۆیەوە، بە پلەی یەکەم بۆ ئەوەیە کە ئەمریکاو غەرب، ڕۆڵ و پێگەی ئێران و باڵادەستیەکەی لە ناوچەکەدا بەرەسمی بناسن و مامەڵەی لەگەڵ بکەن، جیا لەوانەش ئیران بەو کردەوانەی دەیەوێت بە دنیای تورە و نارازی لە داگیرکاری ئەمریکا بڵێت، کە ئیمە لەدژی داگیرکاری دەوەستینەوە تا بەهرەبەرداری لە نەفرەت و نارەزایەتی بەرووی داگیرکاری ئەمریکا و غەربدا بکات و بەوێنەی بەرگری لە" مستەسعەفین" خۆی دەربخات. جیا لە هەموو ئەوانە ئیران بە وەستانەوەی بەرووی ئەمریکا و هیزەکانی هاوپەیمانەکاندا و هاندان و قورمیش کردنی هیزە میلیشیاییەکان بۆ هیرش و پەلامار و بۆسەر هێزەکانی ئەمریکا دەیەوێت گوشار بخاتە سەر حکومەتی عێراقی تا داوا لە ئەمریکا بکات عێراق جێ بهێڵێت. دیارە عیراق لەکاتیکدا لە ژێر گوشاری ئیراندایە و توانای ڕووبەڕووبوونەوە یان ڕێگری لە هیزە ملیشیاییەکان نییە کە ڕێگری لە هیرشە موشەکی و درۆنیەکانیان بکات بۆسەر هێزەکانی ئەمریکا، ناچارە بە پاساوەکانی ئیران داوا لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکان بکات، کە عێراق جێ بهێڵن. پرسی گوشارهێنان بۆ پاشەکشەپێکردن بە هێزەکانی ئەمریکا هاوکات بەشێکە لە ململانێیەکی فراوانتر و بەرامبەرکێیەکی گەورەتری ئیران لەگەڵ ئەمریکا لە تەواوی ناوچەکەدا، بەتایبەتیش لە ئێستادا کە ئەمریکا پشتیوانی بێدریغ لە دەوڵەتی ئیسرائیل وەکو دەوڵەتی مێحوەری هاوپەیمانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەکات. تەنانەت ئەوەی کە ئیران جگە لە میلیشیاکان نمایشی هیز دەکات و خۆی بەخاوەنی هیرشەکان بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا یان ئیسرائیل لە عێراق و هەریمدا دەکات، دەیەوێت ئەوە نیشان بدات کە توانایی پەل هاویشتی هیرشەکانی هەیە، توانایی بەرینکردنەوەی جەنگی لەدژی ئیسرائیل هەیە، جوڵاندنی حوسیەکانی یەمەن و هەژمونیان بەسەر دەریای سوردا، گۆشەیەک لە نیشانەدانی هێزیە. ئەوەی کە گرژییەکانی نیوان ئەمریکا و ئێرانی لەماوەی جەنگی غەززەدا زیاتر کردووە، هیرشی ئەمریکا بۆسەر حوسیەکانە. حوسیەکان و یەمەن پایەگایەکی گەورەی ئیستای ئیران لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکەدایە. بۆ ئێران پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراق لە ڕێگای گوشارەکانی خۆیەوە، سەرکەوتنێکی گەورەیە لە گورەپانێکی گرنگدا کە خۆی تییادا بەسەر ئەمریکادا براوەیە.

ئەمریکا ناچارە لە پرۆسەیەکی دیاریکراودا عێراق و تەنانەت سوریاش بەجێبهێڵێت... بەتایبەتی کە زوربەی هیزو لایەنە سەرەکیەکان چ لە عێراق و سوریادا لەگەڵ پاشەکشەی ئەمریکادان و جیا لەوانەش خودی ئامادەیی ئەمریکا پاساوی داوەتە دەستی گروپ و هیزە میلیشیاکان لەژێر ناوی لێدان لە ئەمریکادا، دۆخی ناوچەکە نائارام و ناجیگیر بکەن. بۆ ئەمریکاش کە نەتوانێت بەرگری لە هێزەکانی بکات، تکانی ئابرووی سیاسیی و سەربازییە.

لەو نیوەداو لە پرۆسیسی ناچارکردنی پاشەپێکردنی هیزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، زیانباری سەرەکی ئەو هێز و لایەنانەن کە ئومێد و مانەوەی خۆیان گرێداوە بە پشتیوانی ئەمریکا و ئامادەیی هیزەکانی، لەوانەش بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، بەتایبەتی ترش پارتی دیموکراتی کوردستان. ناسیونالیزمی کورد بەشێوەی گشتی و پارتی وەکو هیزیکی سەرەکی ناو بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، لەکاتێکدا ڕووبەڕوون لەگەڵ مۆتەکەی گوشارەکانی بەغدا بۆسەر دەسەڵات و پێگە و بریاری سیاسیان، بە پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا، هێندەی تر توانایی و پیگەی خۆیان لەدەست دەدەن و ناچار دەبن مل بەخواست و گوشارەکانی بەغدا بدەن و مل کەچی واقعیەتی دەورەیەکی تازە بن. بیگومان عێراقی بێ داگیرکاری و حزوری ئەمریکا و غەرب و بواری ئەوە دەدات بە خەڵکی عێراق، کە پاساوی بوونی هیزەکانی ئیران و تورکیاو دەخالەتی ئەوانیش لە دۆخی عێراقدا، قبوڵ نەکەن و بەدژی دەستێوەردان و بوونی هیزەکانی ئیران و تورکیاو هەژموونیاندا بوەستنەوە. واتە پاشەکشەی هیزەکانی ئەمریکا، وەکو لایەنێکی کاریگەر لە عێراقدا، پێداویستی بوونی هیزە دژەکانیشیان لە عێراقدا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لەو نێوەدا خەڵکی کوردستان، مەرگەساتە سیاسییەکانی خۆیان لە کیمیاباران و ئەنفال و سوتماککردن و سەرکوتی درندانەی بەعس و بیدەنگەی ئەمریکا و غەربیان، لەپێناو بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسی لەگۆڕنراودا، لە یادەوەریدا زیندووە، پاشەکشەی هیزەکانی ئەمریکا و غەرب هیچ لە دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و ئاییندە سیاسییەکەی ناگۆڕێت و ئەوەی زەمانەتی ئاییندەیەکی سیاسی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان مەیسەر دەکات و لە هیرش و هەژموونی هیزەکانی دژە خەڵکیەکانی دەیپارێزێت، ئامادەیی حزوری ئەمریکا و غەرب و خۆبەستنەوە بە جەمسەرە ناوچەییەکانەوە نییە، بەڵکو سەربەخۆیی سیاسی و هاتنە مەیدانی خودی خەڵکی کوردستانە لە ژێر ئاسۆیەکی سیاسی سۆشیالیستی و ئینسان دۆستیدا. بۆیە ئەگەر پاشەکشەی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان گورز دەوەشێنێتە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، ئەوە هیچ پەیوەندی بەخەڵکی کوردستانەوە نییە و باجی خۆشباوەری خۆیانە بە ئەمریکاو غەرب... خەڵکی کوردستان ئەرکیەتی دژی حزووری هیزی سەربازی ئەمریکا و غەرب و وڵاتانی ناوچەکە بێت و ئیرادەی سیاسی خۆی بکاتە مەبنای بەرگری لەخۆکردن و نەخشە ڕێگای بنیاتنانی ئاییندەیەکی سیاسی ئازاد و ژیانێکی تەسەل و سەربەخۆ.

**کۆتایی جەنیوەری ٢٠٢٤**

## درێژەی: کام بژاردە بەرگری لە نارەزایەتی مامۆستایان بۆ موچەکانیان یان بەرگری لە دەسەلاّتی موچە بڕ؟!

هەڵبخرێنن. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەموو کەسێکی هوشیار و ویژدان زیندو دەزانێت، ئەوەی بەرپرسی نارەزایەتی مامۆستایان و فەرمانبەران و راگرتنی پرۆسەی خوێندنە دەسەلاّتی سیاسییە، دەسەلاتێک کە چۆن دەستی ناوەتە بینەقاقای زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە، ئاواش بێباکە لە دانی موچەی مامۆستایان و وانەبێژان و بە پاساوی جۆراو جۆر خەریکی خۆدزینەوەیە لە دابەشکردنی موچەی مانگانەیان. موچەیەک کە ژیان و گوزەرانیانی پێوە بەندە. جیا لەوانەش لە بەرامبەر سوربوونی مامۆستایان و وانەبێژاندا لەسەر نارەزایەتیەکانیان، خەریکی گوشارهێنان و تۆمەت بۆ داتاشین و بەدەستەوە گرتنی حەربەی سزادانیانن بەپاساوی غائیب بوون. لەوەش زیاتر دەیانەوێت لە رێگای تر و هەڵخراندنی خەڵکانی تر گوشارەکانیان زیاد بکەن و مامۆستایان و وانەبێژان ناچار بکەن بە شکاندی بایکۆت و دەست هەڵگرتن لە نارەزایەتیەکانیان. ئەو جەنابانە چ راسپاردەی دەسەلاّت بن و چ بڕیاری خۆیان بێت، بۆ هەوڵدانیان بۆ شکاندنی بایکۆت و کۆتاییهێنان بە نارەزایەتیەکان، هیچ لەو راستیە ناگۆرێت کە لە بەرەی دەسەلاّتی تالاّنچی و موچە بڕیندان بەرامبەر بە ئۆردوی بەرینی مامۆستایان، کە نەک هەر درێغیان لە خزمەتکردن بە خوێندن و پەروەردە نەکردووە، بەڵکو دەستدانە بایکۆت و نارەزایەتیەکانیشیان دەچێتە پاڵ ئەو خزمەتەی کردویانە. ئەم هاتنە مەیدانەی مامۆستایان و وانەبێژان و فەرمانبەران، وانەی ئیرادە نواندن و راوەستانە بەرووی ناحەقیەکی بێ پاساوی دەسەلاّتدا، وانەیەکە هەر کەسێک ویژدان ئازاری لە جەستەی خۆی نەکردبێتە دەرەوە دەبێ پشتیوانیان بکات.

لە نێوان ئۆردوی بەرگریکار لە قوت و مافی سادەی وەکو موچە لەگەڵ موچەبرین و هێرشی دەسەلاّت و گوێ خەواندندا، دیارە کە ئەوەی هیرش دەکات و مافی مامۆستایان و فەرمانبەران لوش دەدات، دەسەلاّتە و ئەوەیش دەیەوێت بەرگری لەژیانی بکات و پرۆسەی خوێندن بەردەوام بێت و منالاّن و خوێندکاران لە خوێندن دوا نەکەون مامۆستایان و وانەبێژانن. بژاردەکە زۆر ئاسانە... هەر حزب و لایەنێکی سیاسی و جەماوەری و هەر کۆڕو کۆمەڵ و کەسایەتییەک، ئەگەر بایی سەرە دەرزییەک لە خەمی خوێندن و پەروەردەدا بێت، پێویستە بەرگری لە مافی رەوای مامۆستایان و زیاتر لەوەش لە نارەزایەتیەکانیان بکات. ئۆباڵی دواکەوتنی خوێندن لە ئەستۆ دەسەلاّتەو ئەوانەشی بەرگری لەو دەسەلاّتە دەکەن یان داوا لە مامۆستایان وفەرمانبەران دەکەن دەست لەمافی خۆیان هەڵبگرن، پێ بزانن یان نەزانن... خزمەت بەو دەسەلاّتە تالاّنچی و گەندەڵە دەکەن و دەیانەوێت تەمەنی نەگریسی درێژ بکرێتەوە. مامۆستایان و وانەبێژان، نە ئەندام پەرلەمان و نە وەزیر و بەڕیوەبەری گشتی و نە موچەخۆری بن دیوار و نە بەرپرسی ئەمنی و سەربازی و نە لەبازنەی خێزانە حزبی و دەستڕۆشتوەکان و نە لیستی خانەنشینانی پلە بالاّدان... تا خەمی موچەیان نەبێت و لە پارەی خەوتوو و وە کەڵەکەکراویان بخۆن.

مامۆستایان و وانەبێژان و فەرمانبەران، بە راوەستاوی خۆیان نیشانیانداوە کە فریوی بەڵێنی درۆ ناخۆن و هەرەشە و گوشار نایان ترسێنێ و حەربەی سزادان، ساردیان ناکاتەوە... وە پێویستە بەو عەزم و ئیرادە بەهێزەوە بەردەوام بن و درێژە بە نارەزایەتیەکانیان بدەن، هاوکات وەکو تا ئیستاش وەلاّمی هەر درۆ و پیلان و نەخشەیەک بدەنەوە، کە بۆ لێکترازانی ریزەکانیان و بۆ پاشەپێکردن لەبەرامبەریان دەکرێت.. وە پیویستە ماهیەتی ئەو هیزو لایەن و کەسایەتیانەش ریسوا بکەن کە لەنێوان دوو بەرەی مامۆستایان و وانەبیژانی برسیکراو موچە بڕوادا، لەگەڵ دەسەلاّتی موچەبر و تالاّنچیدا... بەرەی دەسەلاّت و زوڵمی ئەو دەسەلاّتە پاساو دەکەن و بەرگری لێ دەکەن.

## درێژەی: بە سەرکوت و ئیعدام، شەپۆلی بزوتنەوەی نارەزایەتی لە دژی جمهوری ئیسلامی بەری پێناگیرێت!!

بزوتنەوەی ژنان بە جەستەی نەگریسی دژە ژنی ئەم نیزامەوە نا... وا جارێکی تر دەسەلاّتی پارێزەری سەرمایە لە ئێران بۆ تۆڵە لەو بزوتنەوە شۆرشگێرانەیە، لە ئاستێکی بەریندا دەستی داوەیە سەرکوت و وەرێخستنی شەپۆلی لە سێدارەدان. لەم رۆژانەدا هەر یەک لە زیندانیانی سیاسی محەمەد فەرامەرزی، محسین مەزڵوم، پژمان فاتیحی، وەفا ئازەرباری... لە سێدارە دا و لیستی لە سێدارەدراون و قوربانیانی دەستی دەسەلاّتی نەگریسی خۆی، درێژتر کردەوە. دیارە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەسەلاّتی جمهوری ئیسلامی پارێزەری سەرمایە لە ئیران، سەرکوت و سەنگسار و ئیعدامی بەردەوامە. لیستی لە سێدارە دراوانی ئەم رژێمە هاوشانی تەمەنی ئەم رژێمەیە... لەو کاتەوەی ئەم رژێمە هاتۆتە سەر دەسەلاّت، حەربەی کوشتار و ئیعدامی بەدەستەوە گرتووە و تا ئیستا بە دەیان هەزار ئینسانی لە کونجی زیندانەکان یانیش لەبەر چاوی خەڵکدا هەڵواسیوە... ئامانجی جمهوری ئیسلامی لەم هەموو کوشتار و ئیعدامە، بۆ خامۆشکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی سیاسی و چاوترسێن کردنی کۆمەڵگە بووە، کەچی تا هاتووە بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاری و جەماوەری و نەفرەتی کۆمەڵگە بەرەو هەڵکشان چووە، ئەوەی پاشەکشەی پێکراوە رۆژ بەرۆژ تەریک کەوتۆتەوە پایەکانی بەرەو درز بردن و لاواز بوون چووە، ئەوە دەسەلاّتی نەگریسی جمهوری ئیسلامی بووە.

جمهوری ئیسلامی ئیران، لە کاتێکدا هیشتا بەدەست زەبری راپەرین و بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی دەورەی رابردوو دەناڵێنی و هەر ئێستاش رووبەڕووە لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری و نەفرەتی بەبلاوی جەماوەری دەیەوێت، لە رێگای داپڵۆسین و زیندان و ئیعدامەوە، لەلایەکەوە زەبوونی خۆی و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵگە و بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاری و جەماوەری و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر بترسێنێ، بەڵام ئەزموونی هەموو رژێمە دیکتاتۆرەکان نیشانی داوە سەرکوت و ئیعدام نەک کۆمەڵگە چاوترسێن ناکات، بەڵکو رق و نەفرەتیان زیاتر دەکات و هێندەی تریش ئەم رژێمە لە چاوی بەشەریەتی دنیای ئەم سەردەمەدا ریسوا دەکات.

کریکاران و جەماوەری بێبەشی ئیران و کوردستان، رەوایەتی خەباتی حەقخوازانەیان لە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئەم دوایەی ئیراندا، نیشانیدا کە ئەوان تەنها نین و لە پشتیوانی ئۆردیەکی جیهانی بەهرەمەندن... شەپۆلی کۆبۆنەوەو ئاکسیۆنە پشتیوانیەکان لە خەبات و تیکۆشانی خەڵکی ئیران و کوردستان لە شۆرشی" ژن، ژیان، ئازادی" دا، ئەو راستیەی نیشانیدا، کە چینی کرێکار و جەماوەری بیبەشی ئێران خاوەنی پشتیوانیەکی گەورەن و جمهوری ئیسلامیش هیزێکی تەریک کەوتووی مەحکوم و روو بە مەرگە...

بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری لە ئیران و کورستاندا چۆن لە پیناو مافەکانیدا هەدا نادات و گەروی رژیمی جمهوری ئیسلامی گرتووە، ئاواش ئەم جولانەوەیە بەدژی سیاسەتی سەرکوت و ئیعدامدا، دەتوانێت ئەم رژێمە بەشکست بکێشێت و دەستی سەرکوت و ئیعدامی کورت بکاتەوە. سیاسەتی سەرکوت و ئیعدام نیشانەی زەبوونی رژێم نیشان دەدات و دەبێ ئەو زەبوونیەی بە خەباتی لێکهەڵپێکرا و فراوانی جەماوەری هەر ئیستا وەلاّم وەربگرێتەوە و لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەم دەسەلاّتەشدا، سەرانی ئەم نیزامە ئینسان کوژە بخرێنە قەفەزی لیپرسینەوەی عادلانە جەماوەری.

## لە بۆپێشەوەوە

- بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
- بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بلاّوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بلاّوبوبێتەوە.
- بابەتی بلاّوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بلاّوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بلاّوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بلاّوبۆتەوە.
- درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بلاّوبونەوە لەدەست دەدات.
- ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە..



# حاکم رزگار بەرگری لە هەژاران دەکات یان بۆ دەسەلاّت دەپارێتەوە؟

نووسینی: کامەران لەتیف

من وا لە حاکم رزگار تێگەیشتبوم کە مرۆڤێکی زمان پاک و لایەنگری حەق و عەدالەتە، بەداخەوە نوسراوەکەی لەسەر حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان، ئەوە نیشاندەدات کە من لە بارەی ئەوەوە زۆر بەهەڵەدا چوم. نوسراوێکی نووسیوە یان دروستتر ئەوەیە بڵێم جنێونامەیەکی بلاّوکردوەتەوە کە پڕە لە قسەی نەشیا و بوختان، بەڕادەیەک ئاستی قسەکانی لەدژی حزبمان ئەوەندە نزمە کە شایانی وەلاّمدانەوە نییە.

بەلاّم بەدەر لەوانە زۆر بە ئاشکرا نیشانیداوە کە لەم روبەروبونەوەیەی نێوان دەسەلات و مامۆستایاندا ئەو وەک لایەنگری دەسەلاّت دەردەکەوێت! هەرچەندە وا ڕادەگەیەنێ کە بەرگری لە منالّی هەژارو ڕەشو ڕووت دەکات، بۆ ئەوەی قوتابخانەو دەرسەکانیان نەفەوتێ، بۆیە بەقەولی خۆی گوایە پێشنیار دەکات بۆ مامۆستایان کە بایکۆت واز لێبهێنن، واتە لە جیاتی ئەوەی خەتای فەوتانی سالّێکی خوێندنی دەیان هەزار قوتابی بخاتە ئەستۆی دەسەلات، تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی بایکۆتی مامۆستایان، داوایان لێدەکات بە گیرفانی بەتالّ و سفرەی خالّی مالّەکانیانەوە برۆنەوە سەرکارەکانیان، لە دوا لێکدانەوەدا دەیەوێ ماموەستایان ئەم بێ موچەییە قبوڵ بکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرئەنجام ئەو لایەنگری ئەوەیە دەسەلاّت مافی ماموستا بخوات.

جەنابی حاکم لەم پرسەدا، وای نیشانداوە کە مەسەلەکە یەکلایەنەیەو خەمی نەفەوتانی سالّیکی خوێندن دەخوا و دەڵێت با مامۆستایان بگەرینەوە سەر دەوامیان، گوایە حزبی ئیمە و مامۆستایانیش باکمان لە فەوتانی سالّێکی خویندن نییە و دەلێین مامۆستایان نەگەرینەوە سەر دەوام! ئەمە بەتەواوی نادروستە، چونکە دەیان هەزار مامۆستا چەندین مانگە بەبێ موچە وانەیان وتۆتەوە، هەروەها مامۆستایانی وانەبیژ چەندین سالّە وانە دەڵینەوە بەبێ ئەوەی دامەزرابن، هەزاران مامۆستا بەبێ پلەبەرزکردنەوە دەوامیان کردوە، کەچی هێشتا دەسەلاّت بە پشتیوانی کەسانێک سورن لەسەر ئەوەی کە مامۆستایان گوێ بە دۆخی کارەساتباری ژیانی خۆیان و خیزانەکانیان نەدەن، چونکە ئەوەڵ و ئاخر ئەوان لە فەوتانی سالّێکی خوێندن بەرپرسیارن! بۆیە دەبێ بگەرێنەوە سەرکارەکانیان.

بەداخەوە جەنابی حاکم بیەوێت یان نەیەوێت ناتوانێت پاساوی ئەم هەڵویستەی بکات و بەم بانگەشەیەی لە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا و بە ئامادەبونی کۆمەڵی کەس داوادەکات بایکۆت ڕاگیرێت، لە کاتێکیشدا ئەم قسانە دەکات کە بریارە مامۆستایان بۆ رۆژی دوایی خۆپیشاندان بکەن، هاوکات دەسەلاّتداران لەچەند لاوە گوشار دەهێنن و هەرەشە لە مامۆستایان دەکەن بەسزادان و دەرکردنیان، لەولاشەوە مامۆستایان بەوپەری شەهامەتەوە تەحەدای دەسەلاّت دەکەن و سورن لەسەر بەردەوامی بە بایکۆت و خۆپیشاندانەکەیان، لەحالّەتێکی ئاوادا، ئایا پێویست دەکات کەسێک بێت ئەوە بسەلمێنێت و رۆشنیکاتەوە کە ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانیەی ڕێکخراوە بەمانای بەرگری دێت لە بانگەشەی دەسەلاّتداران، ئایا پێچەوانە نییە لەگەڵ نیەتی پشتیوانی کردن لەمنالّی هەژار بۆ ئەوەی سالّێک خویندنیان نەفەوتێ!.
دەسەلاتدارانێک کەدەرگای قاسەکانیان ناکەنەوە و نایانەوێت بەو هەموو داهات و سامانەی لەم ٣٣ سالەدا دەستیان بەسەرداگرتوە موچەی مامۆستایان بدەن و ئامادەنین خواستەکانیان جێبەجێبکەن، لەحالەتێکی ئاوادا ئایا ڕەوای هەقە قاسەی پری دوو حزبی بنەمالّەیی هەر بەداخراوی بمینیتەوە، و داوابکرێ کە مامۆستایان بە گیرفانی بەتالّ و سفرەی خالّی مالّیانەوە بگەڕێنەوە بۆ دەوام و لەولاشەوە بەرپرس بکرێن لە فەوتانی سالّێکی خوێندن!.

بێگومان مامۆستا و دەسەلاّت دوولایەنی بەرپرسن لە پرۆسەی خویندن، مامۆستا بەرپرسی ئەوەیە وانە بلّێتەوە و دەسەلاّتیش بەرپرسی ئەوەیە موچەی مامۆستا بە تەواوی و بێ دواکەوتن لە کاتی خۆیدا بدات، لەم هاوکێشەیەدا ئەوە مامۆستایە کە بە زیادەوە ئەرک و بەرپرسیاریتی خۆی بەجێگەیاندوە، لەوەش زیاتر چەندین مانگ و تەنانەت چەندین سالّ چاویان لە مافە هەرە سەرەتاییەکانی خۆیان پۆشیوە، نیوە موچە و بێموچەیان تەحەمول کردوە، دانەمەزراندنیان تەحەمول کردوە، پلە بەرز نەکردنەوەیان تەحەمول کردوە، بەلاّم سەرباری هەمو ئەمانە بەداخەوە ئەوە جەنابی حاکمە کەهێشتا مامۆستایان بەرپرسیار دەکات لە فەوتانی سالّێکی خویندن و داوایان لیدەکات بایکۆت بشکێنن.

لێرەدا با چەند پرسیارێکت ئاراستە بکەم: پێم وایە حاکم نکولّی لەوە ناکات کەدەسەلاّتی هەردوو بنەمالّە نەک لایەنگری هەژاران نین، بەڵکو هۆکاری هەژاریشن، بەلاّم پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی لە میدیاکانەوە لەگەل چەند کەسێکدا پەیامەکەی دەگەیەنێت؟ بۆ لە کاتێکدا پەیامەکەی رادەگەیەنێت کە دەسەلاّت خەریکی چاو سورکردنەوە و هەرەشەکردنە لە مامۆستیان و لەهەوڵ دایە بە ترساندن و زۆرە ملێ بایکۆت بشکێنن؟ ئایا نەدەکرا جەنابی حاکم هەڵویستی لەبەرامبەر هەرەشەکانی دەسەلاّتدا وەرگرتایەو لە میدیاکانەوە دژی دەسەلاّت قسەی بکردایە کە خەریکن ژیان و مالّی بەشێکی زۆر لە مامۆستان وێرانتر دەکەن؟. جەنابی حاکم وەکو دەڵێ سالّ و نیویکە موچەی وەرنەگرتوە، کەوایە ئەگەر ئەو سالّ و نیویک بێت موچەی وەرنەگرتبیت و هێشتاش بەم جۆرە قسە بکات، مانای ئەوە نییە لە بنەرەتەوە پێویستی بەو موچەیە نییە. ئایا ئەو راستیە دەزانێت کە مامۆستایان وەکو ئەو بێباک نین لەموچەکانیان و ناتوانن بەبێ موچە دەوام بکەن؟

پرسیارێکی تر ئەوەیە بە حزبی ئێمە دەڵێت بەردێکی نەخستۆتە سەر بەردێک، ئاخۆ حاکم لایەنێک شک دەبات لە کوردستاندا کە سی سالّ زیاترە بەدەسەلاّت و ئۆپۆزیسۆنەکەیانەوە بەکاری پەرلەمان و دەزگاکانی تریانەوە بەردێکیان خستبێتە سەر بەرد؟، ئایا تەواوی ئەو چەند سالّەی کاری دەسەلاّت و هەموو ئەوانەی لەم سیستمەدا هاوبەش و بەشدارن، شتێکی زیاتر بووە لەو وێرانکاری و بێکاری و هەژاری و ئەو سەرگەردانیەی بەسەرخەڵکی کوردستاندا داسەپێندراوە؟. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، ئەگەر بەردێکی لەسەر بەرد دانەنابێت، خۆ هیچ کات لایەنی هاوبەش و بەشدار نەبووە لەم ویرانکاریەدا، بەردەوام لەبەرەی خەڵک و نارەزایەتیەکانیاندا ڕاوەستاوە. لەڕاستیدا ئەگەر مەبەست و نیەتی جەنابی حاکم نیشاندانی ڕێگایەکی ئەرێنی بووایە بۆ مامۆستایان، ئایا هیچ شتێک لەوە سادەترە کەلەپێشدا لەڕیزی نارەزایەتی مامۆستایاندا ڕابوەستایەوە و ئەگەریش پێشنیارێکی هەیە دلّسۆزانە لە ڕێگەی پەیوندی کردنەوە پەیام و پێشنیارەکەی بگەیاندایە بەئەنجومەنی مامۆستایان؟ نەک لەدەرەوەی بایکۆتی مامۆستایان و لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، لە کاتێکدا کەدەسەلاّت تەرکیزی تەواوی لەسەر ئەوەیە شکستی گەورە بەسەر نارەزایەتی مامۆستایاندا فەرز بکات و شکۆیان بشکێنێت!. بەداخەوە پێشنیارەکەی جەنابیشان بۆ شکاندنی بایکۆت، بەهەر نیەتێکەوەبێت دەچێتە خانەی پڕوپاگەندە و گوشارەکانی دەسەلاّتەوە بۆ لێدان لە نارەزایەتیی مامۆستایان و خواستەکانیان.

لە کۆتاییدا تەنها بە چەند رستەیەک ئەوە بلّێم کە تۆ ئێمەت تاوانبارکردوە بە "جاسوس و خائین و کلک گریدراو" و چەندین قسەی نابەجێی دیکە کە من بەشایستەی ئەوەی نازانم ڕونکردنەوەی لەسەربدەم، تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەوانەی کە"خیانەتیان" لە خەلک کردوە و کلکیان گرێداوە، ئاشکرا و ڕوونە کە کێن چ لەلای خۆتان و چ لەلای خەڵک، بەلاّم ئەگەر جەنابی حاکم سورە لەسەر ئەو تۆمەتانەی بەرامبەر بەحیزبی ئێمە، ئەوا پێویستە بەبەلگەوە بیسەلمێنێت و بۆ رای گشتی ئاشکرای بکات. وەکو حاکمێکی یاسا زانیش دەبێ ئەوە بزانی کە ئەو تۆمەتانەی داوەتە پاڵ حزبی ئێمە دەچێتە خانەی لێپرسینەوەی یاساییەوە.

## سەرچاوەی نەهامەتییەکانی ئێستا سیستەمی سەرمایەدارییە نەک تەنها حکومەتەکانی

**حکومەتەکانی ئێستا، ئەو ئامرازەی دەستی سەرمایەدارانە، تا هەموو تووڕەییەکانی خەڵک و چینی کرێکاری ئاڕاستە بکرێ. ئەوان ئەیانەوێ لەسەر نەهامەتییەکانی ئێستا، لەسەر شەڕ و برسێتی و ئەم قڵشتی چینایەتییەی کە هەرگیز وەک ئێستا فراوان نەبووە، ئەیانەوێ خەڵک تەنها حکومەت و کارێکتەرەکانی سەرزەنشت بکات و بە تاوانباری بزانێ، بەڵام تاوانباری سەرەکی سیستەمی سەرمایەدارییە.**

**بە گۆڕینی حکومەتەکان و هاتنەپێشەوەی حیزبێکی تری بۆرژوازی و گۆڕینی دەمووچاوەکان، کێشەکانی خەڵک چارەسەر نابێ, بەڵکو بە گۆڕینی سیستەمی سەرمایەداری و بنیاتنانی سۆشیالیزم، کێشەکان کۆتایی دێ.**

**ئەم تاکتیکە، واتە سەرزەنشتکردنی حکومەت و ناونەهێنانی سەرمایەداری، یەکێکە لەو فێڵانەی کە سەرمایەداران بۆ پاراستن و درێژەدانی سیستەمەکەیان بەکاری ئەهێنن.**

نووسینی: عامر سابیر

********


بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ

## بەڕێز (مامۆستا حەسەن عەباس ئەسعەد) ئەندامی ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی لەشاری کۆیە، وەڵامی پرسیارەکانی پرسی ڕۆژی ژمارەی داوەتەوە...



**ئەم پرسەی داینەوە پرسی ڕۆژ: ئایا فەرمانبەران بەگشتی ومامۆستایان بەتاییەت نەگەیشتوونەتە ئەو دووڕیانەی کە بگەن بەدامەزراندن وپێکهێنانی یەکێتیەکی جەماوەری مامۆستایانێك، کەبەڕاستی نوێنەرایەتیان بکات، و ئەو خەباتەی چەند ساڵەی سەرشەقام ودادگایان بگەیەنێتە کەناری ئارام؟**

**پرسی ڕۆژ: دەستبردنی دەسەڵات بۆچەواشەکاری وهەڕەشەی گرتن لەچالاکوانانی نێو مامۆستایان، بەرای ئێوە چ مانایەکی هەیە؟ وچۆن وەڵام دەدرێتەوە؟**

**ئایا مامۆستایان لە دووڕیانی ڕێکخراوبوونی خۆیانن؟**

**م. حەسەن عەباس:** دەتوانین بڵێین مامۆستایان لە ڕێکخراوبوونی خۆیانن، بە هۆکارێک کە هەموو چین وتوێژەکان هیوایان لەسەر ئەم شۆرشە سپیەی مامۆستایان هەڵچنیوە. هەر لە دێرین زەمانەوە مامۆستایان پێشەنگی هەموو شۆڕشێکی زوڵم وستەم وداگیرکەر بووین، بەنووکی قەڵەم وگردبونەوەی جەماوەریان بەرامبەریان وەستاونەتەوە. ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات وەگوزەرێت پەنگخواردنەوەی ٣٢سی ودوو ساڵەی حوکمرانی کوردستانە! کە نەیتوانیوە مافە سەرەتاییەکان بۆ هاونیشتمانیانی خۆی دابین بکات. تەنها ئامانجی ئەم دەسەڵاتە؛ تاڵانکردن ودزینی سامانی گشتی سەر زەوی وژێر زەوی وئاسمان بووە. بۆ خۆدەوڵەمەندکرن ودروستکردنی هێزی جۆراوجۆری سەربازی وئەمنی بووە لە دەوری خۆی، بۆ مانەوەی کورسی وپاراستنی دەسەڵاتەکەی. دوای تێپەڕبوونی وەرزێك لە خوێندن لە سنوری پارێزگا وئیدارەکانی (سلێمانی و هەڵەبجە و کۆیە وگەرمیان وپشدەر) کۆیە وەك تاکە قەزا کە سەر بەپارێزگای هەولێرە بایکۆتی خوێندنی کراوە، بۆ داواکردنی مافە زەوتکراوەکان بە شێوەیەکی مەدەنی و سەردەمیانە، چەندین ڕێگای جۆراو جۆرمان گرتۆتەبەر وەك: گردبونەوە و ناڕەزایی دەربڕین و گرتنەرێگای بەرەو بەغدا وتۆمارکردنی سکاڵای یاسایی لە دادگای فیدرالی، وسەردانی کەسایەتیە سیاسیەکانی عێراق و سەردانی کونسولخانەی ئەمەریکی بۆ ئەوەی مووچە و ژیان و گوزەرانی مامۆستایان و فەرمانبەران نەبێتە کارتێکی سیاسی بۆ مەرامە گڵاوەکانی خۆیان بەکاری بهێنن. بۆیە شۆرشی سپی مامۆستایان پێویستی بە پشتگیری هەموو چین وتوێژەکان و ڕێکخراوە ناوخۆیی وجیهانیەکان هەیە. تاکە هیوای هەموو خەڵکی کوردستانە بۆ لەباربردنی سیستەمی بە کۆیلە کردنی تاکی هاووڵاتی.

**ئایا مامۆستایان و فەرمانبەران بە گشتی و مامۆستایان بە تایبەتی نە گەیشتوونە ئەو دووڕیانەی کە بگەن بە دامەزراندن و پێکهێنانی یەکێتی جەماوەری ؟**


**م. حەسەن عەباس:** لە ئێستادا مامۆستایان تاکە هیوای ئەم هەرێمەیە، وکاری جدیمان کردووە بۆ ئەوەی ببینە جێگرەوەی ئەو ڕێکخراوە پیشەیانەی مامۆستایان وفەرمانبەران کە کار وچالاکیەکانیان تەنها بۆ چەواشەکردنی داواکارییە رەواکانمانن، بەناوی جیا جیا ولێدوانی سەیر وسەمەرەی بەرپرسانی ڕێکخراوەکان. هەوڵمانداوە مۆڵەتی یاسایی لەدامودەزگا حکومیەکان وەربگرین بۆ ئەوەی ببین بە ڕێکخراوێکی پیشەیی و هەنووکەیی، تاوەکو ببین بە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو دەنگە ناڕازیانەی کە لەم هەرێمەدا هەیە، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروچالاکیەکان و وەستان دژی هەر پێشێلکاریەك کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. ئەو کات دەتوانین دەنگی خۆمان بە ئاسانترو خێراتر بگەیەنین بە تەواوی جیهان. بەڵام وەك لای هەموان روون و ئاشکرایە؛ ئەم دەسەڵاتە دەستی بەسەر تەوای جومگە سەرەکیەکانی ئەم هەرێمەدا گرتووە، بە تایبەتی دەسەڵاتی قەزائی (دادگاکان) وە هەمیشە دەرچەیەکی یاسایی (کە لە ڕاستیدا نا یاسایی) دەدۆزێتەوە بۆ لەباربردنی ئەو هەوڵانەی کە دەمانەوێت ببین بە ڕێکخراوێك و کاری پیشەیی خۆمان ئەنجام بدەین. تەنانەت لەم ماوەیەدا کە ماوەی چەندین ساڵە ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ماوەی بەسەرچووە، ویستمان بەشدارببین، بەڵام بە بیانوی ئەوەی کە بەرواری ماوەی پێشکەشکردنی لیست تێپەڕبووە، بۆیە بەمجۆرە ڕێگریان لێکردین کەلیستی سەربەخۆی خۆمان هەبێت، ئەمەیان لە رووی داواکاریەکانمان بۆ دەزگاکانی حکومەت کە بەپێی یاسا ببین بە ڕێکخراوێکی جەماوەری. بەڵام لە ئێستای شۆرشی مامۆستایاندا، هەوڵی تەواوی خۆمان داوە ببین بە جێگرەوەی ئەو ئۆپۆزسیۆنە دەمامك دارانەی کە لە ئێستادا خۆیان لە مەیدانەکەدا هەن وگوایە لە ریزی میللەتن، بەڵام ئێستا تاکە هیوای تاك بە تاکی ئەم هەرێمە مامۆستایانن بە فشارە مەدەنیەکان وڕێکخستنی خۆپێشاندان وبەردەوامی بوونمان بە ڕێگایەکی مەدەنی شارستانی دوور لە توند وتیژی، وبەلارێدانی ئەم شۆرشەی مامۆستایان کە ئەم دەسەڵاتە هەوڵی زۆری داوە بۆ لەباربردن وناشیرینکردنی خودی مامۆستایان لەلایەن تاکی هاونیشتمانیان. بەڵام خۆشبەختانە تەواوی هاونیشتمانیان بە هەموو چین وتوێژەکانەوە پشتگیری وپشتیوانی ئەم شۆرشە سپیەی مامۆستایانن.




**دەستبردنی دەسەڵات بۆ چەواشەکاری و هەرەشەی گرتن لە چالاکوانانی مامۆستایان ؟**

**م. حەسەن عەباس:** هەموو دەسەڵاتێك بۆ مانەوەی خۆی دەست بۆ هەرچی کاری قێزەون هەیە دەبات، هەر لە (هەڕەشەکردن، گرتن، کوشتن، بزرکردنی گوماناوی و کوشتن بەناوی کێشەی کۆمەڵایەتی و ڕووداوی هاتوچۆ...هتد) و چەندین سیناریۆی تر. بەڵگەش زۆرە. ئەم جۆرە رەفتارە ناشیرینە نا یاساییانە کار لە ئێمە ناکات، و بەردەوام دەبین لەم شۆرش وخەباتە مەدەنیەی کە دەستمان پیکردووە. لە راستیدا لەکاتی نوسینی ئەم پرسەی رۆژ؛ هەڕەشەی جدیمان لەسەرە کە لەلایەن هێزێکی دەمامکدار کە بەهێزە ڕەشەکە ناسراوە! تەواوی چالاکوانان ومامۆستایان دەستگیربکرێین بۆ ئەوەی شکست بە گردبوونەوە وخۆپێشاندانە جەماوریە سەرتاسەریەکەی رۆژی یەکشەمە بەرواری ٢٨/١/٢٠٢٤ بهێنن (کە بریارە ئەنجام بدرێت). بۆیە ئێمە سڵ ناکەین لەم دەسەڵاتە، وبەردەوام دەبین، وهیچ هێزێك ناتوانێت بەرامبەر شۆرشی مامۆستایان بوەستێتەوە ...

# حاکم ڕزگار لەمەئمورییەتێکی فاشلدا



نووسینی:مەحمود حەلاق

حاکم ڕزگار لەنوسراوێکی ٢٨ جێنیوەریدا ئەمساڵدا، بەشێوەیەکی نالایەق و زمانێکی زبرو ئێجگار نزم، وە بەشێوەی ڕق وهیستریکی چەندین بوختان، موهاتەرات، بێحورمەتی ڕیز ئەکات و لەوانەش خەتەرتر ئیتهام-تاوانبارکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بەکلک گرێدراوی دەرەکی، کەسانی بێ بنەماڵەو بێ ڕەگو ڕیشە، بێ ئەرزش، خائین ونامەردو جاسوس ناوزەند ئەکات..

ئەمە فەرهەنگی کوردایەتی و حزبەکانێتی کەبەشیرەوە بەدرێژایی تەمەنی هەوڵیداوە بیکات بەکاڵچەری خەڵکی کوردستان و لۆژیکی جنێوفرۆشی بخاتە جێگای ڕەخنەوە.. بەداخەوە! حاکم قاچەکانی خستۆتە ناو ئەو ئاوەوە کەئەوان ڕشتوویانە..

لەوەش ئەگوزەرێم! کەحاکم لەباری ڕێزمانیەوە ئێجگار کڵۆڵەو خوێنەر ناتوانێت بەئاسانی لە نوسراوەکەی تێبگات!! هەوڵ ئەدەم لەنزیکترین کاتدا بەجیا وەکو خۆی بڵاوی بکەمەوە بۆئەوەی خوێنەر تێبگات کەبەچ زمانێک نوسراوەو چ ئەتەکێتێک بەکار هاتووە..

حاکمی زەمانە، حزبی کۆمۆنیستی بەدوو بابەت تاوانبارکردووە: هەم بەخائین و کلک گرێدراوی بێگانە، هەم بەسەرچاوەی ژیانی نوسەری بەیان نامەکەی حزب، بەڵام ئەو بەدواداچوون بکات لەسەر سەرچاوەی دارایی حزب، ئەگەر لەبودجەو لەسەر حسابی قووت و ژیانی خەڵکی کوردستان بتوانێت تاقە دینارێکی عێراقی بدۆزێتەوە کە وەریگرتبێت بەناوی بودجەی حزبەکانەوە، یان بەهەر ناوێکی ترەوە.. من پێشنیاری بۆ دەکەم بۆ ڕای گشتی بڵاوی بکاتەوە!!

بەڵام ئەبێت جەنابی حاکم ئەم بوختان و بێحورمەتی و تاوانبارکردنە قورسانە ئیسپات بکات، چونکە ئەو میلی تاوانبارکردنی حزبی هێناوەتەوەو کوێرانەو بەئاشکرا لەبەرچاوی کۆمەڵگادا تەقە دەکات بۆلەقاودانی حزب.. هەربۆیە ئەوخۆی لەهەرکەسێکی تر باشتر دەزانێت کەتاوانبارکردن هەروا لەخۆڕا نیەو ئەگەر ئیسپات نەکرێت، ئەوا خاوەنەکەی تووشی

ئایا کاتێک حزبی کۆمۆنیست پرۆژەی جیابوونەوەی کوردستانی پێشنیار کرد لەساڵانی ٩٩٦ داو بەسەدان هەزار ئیمزای پشتیوانی بۆکۆکردەوە جەنابتان لەکوێ بوون؟!

ئێوە لەکوێ بوون کەحزب ژیانی دەیان ژن



و کچانی ڕزگار کرد لەژێر چەقۆی پیاوسالاری باوک و براو کەسوکارەوە لەساڵانی نەوەدەکاندا؟!

ئێوە لەکوێ بوون کاتێک ٥ کادری ئینساندۆست و ئازادیخوازی ئەم حزبە خەڵتانی خوێن کران کە تاوانەکەیان تەنها لەسەر جیابوونەوەی کوردستان، لەسەر ئازادی و یەکسانی بەرابەری و لەسەر ژیان وگوزەرانی خەڵکی کوردستان بوو؟!

خێرە ئێستا خۆت خزاندۆتە ناوبەرەی

**ئێوە لەکوێن کاتێك مامۆستایەك لەبەدەم مایکرۆفۆندا بەدەم گریانەوە باس لەکڕینی تاقە مەساسەیەك دەکات بۆمنداڵەکەی, بەڵام پارەی پێ نیە هەتا بیکرێت بۆی؟!**

نەیزانیووە کە بەیان نامەکە هی حزب خۆیەتی نەک هی تاقە ئەندامێک!!....

بەڵام ئەگەر حزبی کۆمۆنیست کلک گرێدراوی دەرەکیەو ئەندامەکانیشی بێ بنەماڵەو ئەسڵ و فەسڵن و ڕەگ وڕیشەیان لەم وولاتەدا نییە، ئەوا بەڕاستی جێگای شەرمێکی ئێجگار گەورەیە بۆ حاکمێک بەمجۆرە ئەتەکێتەوە ڕق و بوغزو نەعرەیەکی هێندە کوێرانە هەڵڕێژێت!!

لەڕاستیدا خۆشبەختانە، حزب شانسی هێناوە کەحاکم لەسەر حوکم نیەو دەسەڵات و هێزی چەکداری بەدەستەوە نیە وەک شەخس، ئەگینا ئەنفالیان ئەکردین و هەروەک چۆن ئێستا بوختانی ڕیزکردووە، ئەو کاتەش لەڕێگای ئیتهامەکانیەوە فەرمانی یاسایی بۆ ئیعدامکردنمان دەرئەکرد...

سەرەڕای ئەوانەش ئێمە تەکلیف وداوایەکمان لەحاکم هەیە، هیواداریین هەرلەئێستاوە بەمێژووی چەندساڵ پێشترەوە هەتا ئێستاو داهاتووش کەو کوژی بۆی دابنیشێت، وورد وورد لێپرسینەوەی یاسایی دەکرێت...

بەڵام جەنابی حاکم!! ئەو ڕاستییە بزانە کەئەگەر حزبی کۆمۆنیست گرێدراوی "بێگانە"و دەستی دەرەکی لەپشت بوایە، ئەوا لەمێژبوو تەپڵی بەدناوی بۆئەگیرا بەدەستەوەو پێوویستی نەدەکرد ئەم ئەرکی لەقاودانەت لەئەستۆ بگرتبایەو زووتر ئاودیوی دەستە دەرەکیەکە ئەکرایەوە..

تۆبڵێیت کاک حاکم ئەم حزبە بەئاشکرا ئەجێنداو سیاسەتی دەوڵەتەکانی ناوچەکەو جیهانیان پیادە بکردبایە لەپێناوی سەفەقاتی گەورەدا، ئیتر هەروا ئاسان دەسەڵاتی حزبەکانت بەحکومەتەکەشتەوە چاویان لەئاستیدا بنوقاندایە؟! ئەگەر هێشتاش لەو باوەڕەدایت، ئەوا جگە لەبێ ئینصافی، بەبڕوای من خۆت ئەخەیتە ژێر پرسیاری قورسی کۆمەڵایەتی گەورەوە..

ئێستا جێگای خۆیەتی چەندین پرسیار لەجەنابی حاکم بکەین:

هەژارانەوەو مامۆستاو مووچەخۆران مەحکوم و تاوانبار دەکەیت کەبەدەستی بەتاڵەوە بچنەوە هۆڵەکانی خوێندن و ٤ ساڵی تریش وەکو نەوەدەکان بەشیعاری پووچی مامۆستایان سەری بەرزیان نەوی ناکەن بۆمووچەی میری، درێژە بەسەخت ترین ژیانیان بدەن؟!

ئێوە لەکوێن کاتێک مامۆستایەک لەبەدەم مایکرۆفۆندا بەدەم گریانەوە باس لەکڕینی تاقە مەساسەیەک دەکات بۆمنداڵەکەی, بەڵام پارەی پێ نیە هەتا بیکرێت بۆی؟!

ئێوە لەکوێن کە بەشێکی زۆر لەخەڵک بەچنگە کرێش نانی ئێوارەیان بۆ پەیدا نابێت، بەساڵیش گۆشتێک ناخۆن؟!

ئایا ئێوە لێرە بوون کە مامۆستا تێیهەڵدراو حورمەتی شکێنرا هەرلەبەر ئەوەی داوای مافی خۆی دەکرد؟

ئەگەر ئێمە ئەسڵ و فەسڵمان دیار نیەو لەکوێین، ئەی جەنابتان خۆ لێرە بوون و ئەسڵزادەن، ئەدی بۆ نەچوونە بەردەم

مایکرۆفۆن و هەموو ئەو تاوانکارییانەتان مەحکوم نەکرد کەزیاتر لەسێ دەیەیە لەلایەن حکومەتە کوردایەتیەکەتەوە خەڵکی داغانکردووەو لەلێواری مەرگدا ڕایانگرتوون؟!

کێ دەستی گرتوون کە لایەنی بەرامبەر مەحکوم بکەن بەبڕینی ژیان و تەنانەت زیندوو مانەوەی مامۆستاو مووچەخۆرانی هەرێم؟!

مەگەر کێ هۆکاری فەوتاندنی خوێندنی منداڵانی هەژارە؟ کێ هۆکاری بێکاری و بەتاڵەیی و گیرفان بەتاڵی خەڵکی کوردستانە؟

مەگەر کەسێک هەیە لەم جیهانەدا ڕۆژ هەتا ئێوارە کار بکات و پارە لەبەرامبەریدا وەرنەگرێت؟!

جەنابتان لەکوێن کە هەموو سێکتەرە خزمەتگوزارییەکان بەکۆمپانیا کران و هەمووشیان بەربوونەتە ژیان و گیرفانی خەڵک و شیرازەو نەسیجی کۆمەڵایەتیان لەبەر یەک هەڵوەشاندۆتەوە، ئەی بۆ مایکرۆفۆنتان نەگرت بەدەستەوە لەدژی؟

ئێوە لەکوێن لەدادگاکانی خۆتاندا هەزاران هاوسەرگیری هەڵدەوەشێتەوە کەهۆکاری ئەسڵی بێ پارەیی و نەبوونی ئیش و کارێکی تەسەلە بۆژیانی زەوجی؟!

ئەرێ خێرە ئێوەی ئەسڵزادە بەرامبەر بەم هەموو تاوانکارییە بێدەنگن، ڕۆژێک نەمان بینی دەنگێکی حەق لەپێناوی سەرفرازی و ژیانی خەڵکدا لەبەردەم مایکرۆفۆنێکدا لەئێوەو مانانەوە بێتە دەرێ؟

ئێوە ئێستا لەسەنگەری قەوارە بەتاڵەکەی حزبەکانتانەوە لەدژی ژیان و لەدژی ئازادی و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستاندان.. ئەمە سەنگەری واقیعی ئێوەو مانانە ....

مەخابن!!

ئێستا ئێوەن ئەجێنداو سیاسەتی حزبەکان ئەبەنە پێشەوە بەناوی دڵسۆزانی هەژارانەوە..ئێوەن خۆتان کردۆتە ڕیش سپی خەڵک لەسەنگەری دەسەڵاتدارانەوە.. ئەوەی کەجێگای ئەسەفێکی قووڵە بۆئێوە ئەوەیە کە ئەم تەپڵە لەلایەن مامۆستاو مووچەخۆرانەوە بەیەکجاری بۆ ئەبەدی دڕێنراو دەنگی کۆتایی پێ هێنراو ئیتر کەسێک نەماوەتەوە بۆهەڵپەڕین.. بەم هۆیەوە مەئموریەتەکەتان هەر لەسەرەتاوە فاشل بوو...

ئێمە پتەوو قایم لەسەنگەری ئازادی و بەرابەری .. لەسەنگەری ئازادیخوازی ... لەسەنگەری خواست و مافی بەتاڵانبراوی خەڵکی کوردستان... لەسەنگەری بزووتنەوەی بەئینسانیکردنەوەی کۆمەڵگا ڕاوەستاووین ... ئەم شەهامەتە هی ئێمەو هەموو ئەوانەیە کەلەم نەبەردەدا پێکەوە لەپێناوی کوردستان و ژیانێکی باشتردا بەتووندی ڕاوەستاوین ... سەمای گوڵ لێرەدایە...

********

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕێبوار حەمە شەریف



# ئیتر ناگەڕێم بەدوای خۆمدا!

ئیتر
نا گەڕێم'
بە دوای خۆمدا:

وتم :
بۆ کوێم دەبەی بم بە ..
سەرم' دایە دەستت و
چـاوم' خســتە' هەر دوو مستەوە..
و دڵم' دا بە دەست،
هیواکانی هەموو ئەو ..
قەدەرانەی، گەر هاتنە بەر پێتەوە

وتم هانێ ..
ئەوە ڕۆحێکی تێکشکاو ،
و بەڵام، هێشتا:
بە پـێـوە مـاوم و هەر زیندوو..

دوور دەمرِوانی ..
لەو .. ئاسۆیەیی هەتاو' ،
کە هێشتا : کلی تیشـکـی زەردو
گەرمی زیندوی ..
نە پـژانـدۆتە دەمـی ترۆپکەوە!؟
هەناسەیەکی درێژم و
لە هەناسەی( با )دەچم'
بە لام، بێ ڕەنگ و تیژڕەو
تـاراماڵی .. درك و داڵی ..
هـاویـنـێـکـی پـوشـپەڕ ڕادەماڵم ،

بۆ کوێم دەبەی ..
وتم بم بە،
دڵێك'، ئاسا'، بەفر سپیم '
تۆ' کەی ..
ویستت، لەسەر من'
بوو ..
ئـەبارێم، و
گەر بشتوێمەوە
دەبمەوە و بە ئاو،
و هەڵم و پاشان،
بەهەوری ..
سەر سەرت و بە بارانێك' ،
تەڕ تەڕت دەکەمەوە.

وتم :
فەرموو.. ئەوە دڵێکی..
دولەتکراو ،
لەتێك' بۆ تۆ'
لەسینەتدا کۆمکەرەوە
منی ..
پەرشوو بڵاوی.. ڕۆژگاریّ..
منی ..

هەڵچنراوی دەستی قەدەر
هەزار" ئومێد و هەڵچنـیـن
"،

بەڵام لە ئێستا:
پیانۆیەکم،
لە ئاهەنگێکی..
کلاسیك' ئاسا'
بەتەنیا تۆ' ئەتوانی ..
بە پەنجەکانت بمژەنی
تەلی کەمانی..
ئەو تۆن' و دەنگەم'
.. تەنیا
هەر تۆ '
کە بتوانی ..
ڕۆژەکانم'ـی تیابژەنی.

وتم بم بە،
من' پەرتوکێکم' پـڕم لە دێڕ،
لەو .. دێڕانەی ..
کە هیچ کەسێك' ،
نەیبیستووە و
نەیان "خوێندۆتەوە ..

تەنیا : هەر تۆ ' و بەس،
کە ئەتوانی.. بیان بیستی و
بە پەنجەکانت"
ڕەنگ و دەنگێ..
وەکوو تیانوس،
دڵی خۆتی تیا بچێنی .

وتم بم بە،
من' هاوڕێ نەورەسەکان و
ئەو کەنـــــارو" ئەو دەریایەم،'
کاتێك کە ـ بمبینن ،
شــــەپــــۆلەکـــــان"
کاسکێتەکانیان "
لە سەر دادەگرن و
بە چنگی ..
تەڕو هـیـلاکـی ڕێ ی ماندویانەوە..
سڵاو "ئەکەن،

هێندە چومەتەلایان"
بووین" بە هاوڕێ..
هاوڕێی ڕۆحـی گـیـان لە بەرانی ناو دەریا ئەڵێم '.

بۆ کوێم' ..
دەبەی بم 'بە

هەرخۆت دەستی ..
ئەو دەست و چـاو سـاغەی ڕێیە

تووناو تونی
کـام ڕێـیە ..سـەخـتە،
پیاهەڵزنە،
من' ئەو هێزەم'
کە لەگەڵـتـام' هەنـگـاو دەنێم ،'

وتم بم بە،
گـوێ لە هـیـچ ئـازاری مەگرە،
مـن' ئەو درەخـتـە' ڕەگ' لەناخ و،
داکوتراوەم ،
بەرگەی سەرماو گەرمای '
هەموو وەرزێك' دەگرم!؟

وتم : شەوم'
مانگ'
ناهێڵم' بڕواو تەنیات بکا'
گشت شەوێ..
بە تـریـفە' گەربـێـت و داتنەپۆشێ،
من ' ئەو هەتاو و
ئەو .. خاکەم "
کە پێ بنێیتە، سەرچاوم'
هەرگیز
بەتۆ ناڵێم
ئازار بەدڵم' گەیی وە

وتم:
بم بە،
مشتێ تۆوم''' و
فڕێم بدەرە خاکی دڵتەوە
هەزاران "ڕەنـگـی گـوڵ ئەگرم و
ئیدی خۆت ' سەرووەر بە
کامیان" جوانە و بم' کە ،
بەئێخەی .. خۆتەوە،

بەڵام، داخم'
نە لە زمانم ' گەیشتی
نە لەناخم' نە لەو..
دێڕە شیعرانەشم ،'

چەندین" ساڵ بوو
کە تەنیا هەر بۆ تۆم '
ئەنـــووسی
زۆر بە سـانـایـی لـێـیـان گەشتیت '.

**ڕێبوار حەمەشەریف**



# هونەر وجوانی

هێربرت ڕید دەڵێت (هەمیشە گریمان دەکەین کە هەرچی جوان بوو هونەرە، یا هونەر بەگشتی جوانە، هەرشتێکیش جوان نەبوو هونەر نییە، هونەریش لە دزێوی بەدوورە) لەم ڕوانگەیەوە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم تێزە ناچارین بگەڕێینەوە بۆ بەڵگەکان، ئێمە ئەزانین کە چەمکی هونەر چەمکێکی فرە ڕەهەندە و زۆر جار واقیع دەکاتە خەیاڵ و زۆر جاریش ئەو خەیاڵەی کە لەناو دەروونداپەنگی خواردۆتەوە، دەبێتە وەرگێڕی زمان حاڵی ژیان و کاری لەسەر دەکرێت، زمانی هونەر بەکۆی هەموو هونەرەکان مەبەستمە، ئەتوانێ کار لە زۆر شت بکات و زۆر شت بگۆڕێ، واتە ئاڵوگۆڕێک لە ژیان بەرهەم بهێنێت.

ئەگەر کۆمەڵگە بە ڕوانگەو پێگەی ژیانە جیاوازەکانەوە پۆل بەندی بکەین، ناچارین لە هەلومەرج و واقیعییەتی چینایەتی کۆمەڵگەوە هونەر هەڵبسەنگێنین، چونکە ئەوەی کە هەیە و کۆمەڵگەی لەسەر ڕاوەستاوە تەنها زوڵمە. ئەوە ڕوانگەیەکە دەستنیشانی ئەکات، کە ململانێ ی چینایەتی لەکۆمەڵگەدا ڕەگ و ڕیشەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات. لەم نێوەدا هەموو چین و توێژەکان هونەر و دونیابینی خۆیان هەیە کە خزمەت بە مانەوە و درێژەدان بە مەوقیعییەتی چینایەتیان دەکات. بە نمونە چینی کرێکار و دەستتەنگی کۆمەڵگە کە بێ بەشترین چینە و زۆربەی کۆمەڵگە پێک دەهێنێت، دونیابینی و ڕوانگەی خۆی هەیە لەسەر هەموو مەسەلەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری وسیاسی، جیاواز لە چینی سەرمایەدار کە دونیا بۆ ئەمان بەهەشتە هەمووشتێک لە ژیانی ئەواندا جوانە تەنانەت ئەگەر ناوەرۆکێکی بێ نرخیشی هەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە بۆ بەشمەینەتان جیاوازە کاتێک چەوساندنەوە ژیانی لێکردوون بە دۆزەخ، تەنها لە یەکسانیدا چێژ لە جوانی دەبینن، هیچ تابلۆیەک و نواندنێک ناتوانێت خەندەیەک بخاتە سەر ژیانیان ئەگەر حورمەتی ئینسانیان نەپارێزێت و مۆژدەی دونیایەکی بێ چەوسانەوەی پێ نەبێت، ئەم چینە هەم خوازیارە و هەم ناچارە هونەر بەخەباتی چینایەتی ڕۆژانەیانەوە گرێ بداتەوە، جوانی هونەر لەو ئاستەیا دەبینێتەوە و چێژی لێدەبینێت کە باس لەژیانی ئەو بکات و مەینەتییەکانی ئەو بگێڕێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بەڕاستی مەرجە هەرچی جوان بێت هونەربێت، ئەوەیشی جوان نەبێت هونەر نەبێت؟ چەمکی ئیستاتیکا لێرەوەیە کە ناسنامەی خۆی دیاری دەکات. من کە دژی جوانی نیم هەروەک چۆن دژی ئاشتی ودڵخۆشی وپێکەنین نیم، پێشم وایە سەلیقە وتوانایی هونەرمەند لە بەکاربردنی تەکنیکی بەرزی هونەری پێویستییەکی زیندوو وکاریگەرە لە گەیاندنی سیناریۆی کارە هونەرییەکەدا، هەروەک چۆن ئاست و فۆڕمێکی بەرزی هونەری دەتوانێت پردێک بێت بۆ باشترگەیاندنی ئەو پەیامەی کە پێی دەڵێن ناوەرۆک، بەڵام لێکدانەوەی من بۆ جوانی لە کارێکی هونەریدا بێبەش نییە ناوەرۆک. بۆ نمونە با بیهێنینە پێش چاو لە تابلۆیەکدا دەستی ماندوو قەڵەشتبووی زەحمەتکێشێک، پشتی چەماوەی ژێر کارم، قوربانیانی شەڕی چاوچنۆکانەی سەرمایەداری، ئەو منالەی لەژێر دارِمانی بەردو داری بۆمبارانێکدا پارچەکانی کۆدەکەنەوە، باوەشی ساردی ئەو دایکانەی جەرگیان دەسوتێ و ئەو دەستفرۆشانەی لە پێناو پەیداکردنی پارویەک ناندا بوونەتە هاوڕێی سەرما وگەرما. ئەم تابلۆیانە و هەزاران نمونەی دڵتەزێنی تر کە بەڕاستی لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەدا دیمەنهایەکی زۆر دزێو و قێزەونن ڕامان نەچڵەکێنێ، کەواتە هونەر بۆچی و بۆ کێی ئەکەین؟ ئەگەر بمەوێت هونەر ئەم چیرۆکانەم بۆ بگێڕێتەوە بێگومان ناتوانێت جوان بێت، بگرە دڵتەزێن دەنوێنن، کاتێ هونەر باس لە واقیعییەتی کۆمەڵگە دەکات و ڕاستییەکان دەگێڕێتەوە ئەوە بەدرۆ دەخاتەوە کە حەتمەن ئەبێ هونەر جوان بێت، بەڵام من جوانی لەم هەموو مەینەتیانەدا نابینمەوە. ئەوانەی تەعریفی هونەر تەنها بەجوانی دەکەن ناتوانین ئیستایکا لەهیچ زوڵمێکدا بدۆزنەوە، دەرک نەکردنی هونەرمەند بەم واقیعیەتە تاڵە یان لەبازاڕی هونەرەکەیان دەترسن یان نایانەوێت باس لە زوڵم بکەن، چونکە هونەرەکەیان ئاوی تەڕوکە بۆ مانەوەی ستەم. هەتا زوڵم مابێت هیچ شتێک جوان نییە، ئەوەی بەدوای جوانیدا دەگەڕێت ناتوانێ لە نەبوونی ناندا پەیدای بکات، مەگەر لەسەرکەوتنی خەباتکردن بۆی بەدی بێنێت و لە یەکسانیدا بیدۆزێتەوە. ئێمە ڕۆشنبیری و هونەرمان بۆ ئەوە دەوێت کە ڕێگەی سەرکەوتنمان بۆ ڕوناک بکاتەوە. بۆ من هونەر دیکۆر و ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو پەیامی نێو ماڵە تاریکەکانە و نەوتراوەکانە، بوترێن. لە یەک دێڕدا بە تێگەیشتنی من ئەگەر واقیع جوان بوو هونەرەکەشی جوانە و بۆ هەمووانە، ئەگەر واقیع ناشیرین بوو هونەرەکەشی ناشیرینە.

**نووسینی: کاوان قادر**



# لە یادی مەرگی لینیندا – بژی کۆمۆنیزم، بژی لینین!

## نووسینی: مستەفا باهیر

100ساڵ بەرلەئێستا و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا (٢١ / ١/ ١٩٢٤) مرۆڤایەتەی بەگشتیو بزووتنەوەی کرێکاری بە تایبەتی، زیانێکی گەورەی لێ کەوت، بەهۆی ژیان لەدەستدانی ڕابەری مەزنی چینی پڕۆلیتاریا، هاوری ڤلادمیر ئیلیچ ئۆلیانۆڤ ناسراو بە (لینین). لینین ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ خەباتکردن لە دژی نیزامی سەرمایەداریو بە دەستهینانی دونیایەکی باشتر و بە دەسەڵات گەیشتنی چینی کرێکار. لێنین دەستی بۆ دەسەڵات بردو ئەو مەیلەی خستە لاوە، کە سۆشیالیزمیان بە دوو سبەی دەسپاردوو پێیان وابوو سۆشیالیزم خۆی ڕۆژێک دێت و سەوزدەبێت. لینین هەمیشە دەیووت ئەرکی کۆمۆنیزمە کە دەسەڵات بگرێتە دەست. لە ڕوی کردارییەوە ئەمەی کرد و لە ئۆکتۆبەری ساڵی١٩١٧دا توانی ڕابەرایەتی شۆڕشێکی مەزنی مێژووی لە ڕوسیا بکات و دەسەڵات ڕادەستی شوراکان بکات. سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە تەنها لەبەرژەوەندی خەڵکی هەژاری ڕوسیادا نەبوو، بەڵکو خزمەتێکی گەورەی بە سەرجەم مرۆڤایەتی کرد، کۆمەڵێک دەسکەوتی مەزنی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی بەدەست هێنا کە کاریگەریەکانی تا ئەمڕۆش دیارن.

لە کاتی گەرمەی جەنگی جیهانی یەکەمدا نەک ناسیۆنالیستەکان، بەڵکو بەشێکی زۆری سۆسیالیستەکانیش پێیان وابوو کە کرێکاران دەبێت بەرگری لە وڵات بکەن، ئا لەوکاتەدا لینین تاکە سەرکردەی سیاسیی بوو کە بەکرێکارانی دەوت "لوولەی چەکەکانتان بکەنە، حکومەتەکانی وڵاتانی خۆتان" ئەم جەنگە جەنگی ئێمەی کرێکار نییە، چونکە ئامانج و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم جەنگەی حکومەتە بۆرژوازییەکان بۆدابەشبوونی جیهانە لەبەینی خۆیانداو، هیچ دەسکەوتێکی بۆ کرێکاران تیا نییە. بەم تێروانینەوە لینین نەک هەرخۆی لەلیبراڵەکان و پاسیفیستەکان وحزب و بزووتنەوە بۆرژوازییەکان، بەڵکو تەنانەت لە سۆسیال دیموکراسی و تەواوی ئەولایەنانەش کە خۆیان بە مارکسیست دەزانی و پاڵپشتی حکومەتەکەی خۆیان دەکرد، بەگشتی لە تەواوی ئەو هێزە بەناو سۆشیالیستانە کە بەدروست لینین بە" سۆسیال شۆڤێنیست ناویان دەبات" جیا دەکردەوە. لینین دوای گەیشتن بە دەسەڵاتی خۆی، دەستبەجێ و بێ مەرج و تاکلایەنە شەڕەکە ڕادەگرێت و ڕوسیا لە شەڕ دەکشێنێتەوە. چونکە یەکێک لە دروشم و داوکارییە بنەڕەتیەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر وەستانی جەنگ بوو. ڕاگرتنی ئەم جەنگە سەرەڕای ئەوەی بوە هۆی ڕزگارکردنی ژیانی ملیۆنان مرۆڤ لەسەرتاسەری جیهاندا لە ئاگری جەنگ، بوە هۆی ئاشکراکردنی پەیماننامەی (سایکس – بیکۆ) و ماهیەتی ئەم جەنگە ماڵکاولکاریەی بۆ بەشەریەت بەتەواوی ڕوونکردەوە..

یەکێکی تر لە دەسکەتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر مەسەلەی ژنان بوو، لینین لە کۆنگرەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا کە لە 19ی نۆڤێمبەری 1918دا بەسترا، وتی "هیچ شۆڕشێکی سۆشیالیستی بەبێ بەشداری کاریگەری و بەرفراوانی ژنانی کرێکارو زەحمەتکێش ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت" لەسەر ئەم تێڕانینەوە کۆمەڵێک یاسا دەرکرد کەتیادا لە هەموو ڕویەکەوە ژنان یەکسان بوون لەگەڵ پیاوان. کۆمەڵێک دەسکەوتیان بەدەستهێنا وەک، هەقی لەباربردنی منداڵ بە خۆرایی بۆ ئەوانەی خۆیان داوای دەکەن. یاسایی بوونی ژیانی هاوبەش بەبێ تۆمارکردن. مافی تەلاق. سەرپەرشتی منداڵانی بێسەرپەرشت. لابردنی یاسای ناشەرعی منداڵ بوون. کرێی یەکسان. موڵەتی دایکانە. لابردنی یاسای سزا لەسەر هۆمۆ سێکسوالی... تاد. هەرلەو کۆنگرەیەدا لینین وتی

"سەرکەوتنی هەر شۆڕشێک بەوە بەندە کە ژنان چەند بەشداری تیا دەکەن"

ئەو شۆڕشەی کە لینین و هاوڕێکانی بەرپایان کرد کۆمەڵێک دەسکەوتی مەزنی هەبوو وەک "مافی پەنابەریەتی، مافی چارەی خۆنوسین، دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا، بەخۆرایکردنی کارەبا لەسەرتاسەری ڕوسیادا، بیمەی تەندروستی ..تاد

بۆیە جێگای خۆیەتی لەیادی ژیان لەدەستدانیدا ئاورێک لە ژیان و تێکۆشانی ئەم مرۆڤە مەزنە بدەینەوە.

ئەم ڕابەرە مەزنە لە ٢٢ / ٤ / ١٨٧٠ لە شاری ( سیمبرک)ی ڕوسیا لە دایک بووە. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٨٨٧ برایەکی لینین بەهۆی بەشداریکردن لە هەوڵی کوشتنی (ئالیکسەندەر)ی قەیسەری سێهەم، لەسێدارە دەدرێت. مردنی براکەی کاریگەریەکی گەورەی لەسەر لینین هەبوو. لە ساڵی ١٨٩١ بڕوانامەی پارێزەری بە دەست دەهێنێت. هەرچەندە دەیتوانی کاری پاریزەری بکات، بەڵام لینین ڕوویکردە کاری شۆڕشگێڕانەو لەشاری (پێترۆگراد) دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لە مارکسییەت. بەهۆی کاری شۆرشگێڕیەوە لە ٧ /١٢ / ١٨٩٥ بۆ ماوەی ساڵێک دەستگیر دەکرێتو بۆ (سیبیریا) دووردەخرێتەوە. لینین لە ٢٢/ ٧/ ١٨٩٨دا لەگەڵ (کرۆبسکایا)ی ژنە سۆسیالستی شۆڕشگێر ژیانی هاوسەری پێک دەهێنێت. لە مانگی ئەپرێلی ١٨٩٩ لینین کتێبی (گەشەی سەرمایەداری لە ڕوسیا) بڵاودەکاتەوە. لەگەڵ کۆتایهاتنی ماوەی دوورخستنەوەکەشی لە سیبیریا لە ساڵی ١٩٠٠ گەشتێکی بە ڕوسیاو ئەوروپادا کرد. لەوێ چاوی بە زۆرێک لە شۆڕشگێرە ڕوسەکان کەوت. هەرئەو ساڵە بە یارمەتی هەندێ لە هاوڕێکانی توانی بڵاوکراوەیەک بەناوی ئایسکرا دەرکات

لینین ئەندامێکی چالاکی حزبی سۆسیال دیموکرتی ڕوسیا بوو، کاتێک لەساڵی ١٩٠٣ ئەم حزبە دەبێت بە دووبەشەوە، لینین ڕابەرایەتی بەلشەفیەکان دەکات. لە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ لینین ڕابەرایەتی بەلشەفیەکانی دەکرد لە مۆسکۆ. لە دوای شکستی شۆڕش، پۆلیسی قەیسەری شاڵاوێکی درندانەی کردە سەر شۆڕشگێڕانو ژمارەیەکی زۆریان ڕاپێچی زیندانەکان کران و لە سیدارەدارن. هەر بۆیە بەلشەفیەکان بەهۆی ئەو بارودۆخەوە لینینیان گەیاندە فینلاندا و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، پاشان ڕووی کردە ئەوروپاو لە کۆتایدا لە زویرخ نیشتەجێ دەبێت تا کاتی گەڕانەوەی بۆ ڕوسیا لە سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی ١٩١٧دا.

کاتێک کە ژنانی زەحمەتکیشی ڕوسیا لە ٢٣ / ٢ / ١٩١٧ بە ڕۆژمێری کۆنی روسیا، کە دەکاتە ( ٨ مارسی ١٩١٧) زاینی، دژ بە فەقرو هەژاریو نەبوونی نان خۆپیشاندانیان کرد. لە ڕۆژی دوایدا کرێکارانو جەماوەری زەحمەتکیش بەم خۆپیشاندانەوە پەیوەست بوون. توانیان لە ماوەی پێنج ڕۆژدا حکومەتی قەیسەر لەسەر کار وەلابنێنو حکومەتێکی کاتی لەشوێنی دابمەزرێنن. بەلشەفیەکان لەسەرەتا پشتیوانی خۆیان بۆ ئەم حکومەتە کاتییە دەربڕی، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە ستالینو کامینیڤ گەڕانەوەو دەستیان گرت بەسەر ڕۆژنامەی (پراڤدا)داو پشتیوانی خۆیان بۆ حکومەتی کاتی دووپات کردەوە. لینین لەوکاتەدا لە دەرەوەی وڵات دەبێت و هەوڵی دەدا دەنگی ببیسترێت، لە ٦ی ئازاردا لە ڕێگای ستۆکهۆلمەوە بروسکەیەکی نارد بۆ هاوڕێکانی و تیایدا نوسیبووی تەکتیکمان بەم جۆرەیە:

وریاییو خۆپاراستن

پێشکەش نەکردنی هیچ جۆرە هاوکاریو پشتیوانیەک بۆ حکومەتی نوێ

گومانم بە زۆری لەسەر کرنسکییە

چەکدارکردنی پرۆلیتاریا باشترین زەمانەتە

هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی دومای پترۆگراد

نزیک نەبوونەوە لەگەڵ حزبەکانی تردا

وێڕای ئەمانەش لینین نووسینو وتارەکانی خۆی دەنارد بۆ بڵاوکراوە پراڤدا بەناوی

(نامە دوورەکان).

چەند نەخشەیەک دانرا بۆ گەڕانەوەی لینین لە سویسراوە بۆ ڕوسیا، بەڵام یەک لە دوای یەک شکستی خوارد، تا لە ریگای ئەڵمانیاوە بە شەمەندفەرێکی فارغۆنداخراو، لە ٣ی نیسانی ١٩١٧دا گەیشتەوە ڕوسیا. لە لایەن جەماوەریکی زۆرەوە پێشوازی لێ کرا. ڕۆژی دووهەم، واتە ٤ / ٤/ ١٩١٧ لینین راپۆرتێکی نوسراوی دەربارەی بیرۆکەکانی خۆی پێشکەش بە ڕابەرانو کادرانی حزب کرد، کە بە (بیرۆکەکانی ئەپریل) ناسراوە. هیچ کەس لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەی لینین دا نەبوو. بێجگە لەوەش لەلایەن ئەحزابو حکومەتی کاتییەوە چەندەها توهمەیان بۆ هەلبەستو هاوڕییانی خۆشیان پێیان سەیر بوو، کە لینین بەوشێوەیە بیر دەکاتەوە. ڕۆژی ٧ی نیسان لینین لە ڕۆژنامەی پراڤدادا بیرۆکەکانی کە هیچ کەس مۆری خۆی لێ نەدابوو، بە ناوی خۆیەوە بڵاوکرایەوە.

لینین لەگەڵ ئەندامانو هەڵسوڕاوانی کرێکاریی لە پێترۆگراد کەوتە قسەکردنو گێڕانی کۆڕو سمینار. هەوادارێکی زۆری لە تەشکیلاتی حزب هێنا بەلای بۆچونەکانی خۆیدا. بۆیە داوای لە حزب کرد، کە لە زووترین کاتدا کۆنگرە بگرێت. لە ڕۆژی ٢٤ ی نیسان تا ٢٩ ی ئەو مانگە حزب کونگرەی بەست. لەم کۆنگرەیەدا ١٤٩ نوێنەر کە نوێنەرایەتی ٧٩ هەزار کەسیان دەکرد بەشداربوون. لە کۆنگرەدا بیرۆکەکانی لینین گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەوانەی کە دژ بە بۆچوونەکەی لینین بوون، تەنها ٧ دەنگیان بەدەست هێنا. لەلایەکی ترەوە ئەو بەڵینانەی حکومەتی کاتی کە دابووی بە جەماوەری زەحمەتکێش بۆی جێبەجێ نەدەکردن. جەنگ بەردەوام

بوو، زەوی لەلایەن دەرەبەگەکانەوە هەر داگیرکرابوو. باری ئابوری زۆر گران بوو، نان بە گرانی دەست دەکەوت. ڕۆژانە کرێکاران پەیوەست دەبوون بە بەلشەفیەکانەوە و لە ناو شوراکاندا ڕێک دەخران و لەسەر بەکارهێنانی چەک مەشقیان پێدەکرا. تروتسکی بۆچوونەکانی لەگەڵ لینین یەکی دەگرتەوە. لەوکاتەشدا ترۆتسکی ڕابەری شوراکانی پێتروگراد بوو. لەگەڵ لینین خۆشەویسترین کەسانی گەرەکە کرێکارییەکان بوون. ئەوان ئێستا هێزێکی چەکداری مەشقپێکراوی ئامادە بەکاریان هەیە. حکومەتی کاتی ئەم هێزەی بەخەتەر دەبینی بۆسەرخۆی، بۆیە لە مانگی تەمموزدا بەناوی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران هێرشی کردە سەر بارەگای بەلشەفیەکان و بارەگاو ڕۆژنامەکانی داخستن و ژمارەیەک لە ڕابەرانی گیران، یەکێک لەوانە ترۆتسکی بوو. هەرچەندە حکومەتی کاتی زۆر بەدوای لینیندا دەگەڕا، بەڵام بەلشەفیەکان توانیان لینین دەربازبکەن و بیگەیەننە فنلاند. لینین بۆ ماوەی ١١١ ڕۆژ لە ٦ / ٧ / ١٩١٧ تا ٢٥ / ١٠ / ١٩١٧ لە فنلاند مایەوە، لەم ماوەیەدا لینین توانی کتێبی (دەوڵەتو شۆڕش) بنووسێت.

لە مانگی ئابدا کە بەلشەفیەکان بە نهێنی کاریان دەکرد، لە لایەن جەنەراڵ (کۆرنیلۆڤ)ەوە کە کاتی خۆی کرنسکی بانگی کردبوو بۆ سەرکوتکردنی بەلشەفیەکان. دەرەبەگەکانو سەرمایەدارەکان، پاشماوەکانی قەیسەر داوایان لە جەنەراڵ کۆرنیلۆڤ کرد، لەبەرئەوەی کە هێزێکی زۆری سوپای لەبەردەستدایەو نزیکە لە پایتەختەوە دەتوانێت بە ئاسانی کرنسکی لەدەسەڵات لادات و خۆی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و بەڵێنیی هاوکاری تەواویان دا بەجەنەراڵ بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە..

کاتێک کۆرنیلۆڤ بە هێزێکی زۆرەوە بەرەو پایتەخت ڕێکەوت. کرنسکی پەنای برد بۆ بەلشەفیەکان و داوای هاوکاری لێکردن. ترۆتسکی لە زیندان بەربوو و دەستبەکار بە دامەزراندنی سوپای سور. شورا کرێکارییەکان، کە بەشی زۆریان چەکداربوون، توانیان پاشەکشە بە سوپاکەی کۆرنیلۆڤ بکەنو خۆشی دەستگیر بکەن. ئەم سەرکەوتنە بەلشەفیەکانی بەهێزکرد. شوراکان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا دەوریان هەبوو، کە بەلشەفیەکان زۆرینە بوون لەم شورایانەدا.

لە مانگی ئەیلولدا لینین داوای ڕاپەرینی دەکرد. چەند نامەی نارد بۆ کۆمیتەی ناوەندی، بەڵام نامەکانی پشت گوێ دەخرا. تا وای لێهات لینین نامەیەکی توندی نووسی بۆ کۆمیتە ناوەندیو داوای وازهێنانی کردبوو لە ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی و وتبوی پەنا دەبات بۆ تەشکیلاتو بۆ بەستنی کۆنگرە. کۆمیتەی ناوەندی ناچار بوو لە ڕۆژی ١٠ / ١٠ لەماڵی سۆخانوف لە شەقامی ( کاربوفکا ٣٢، شوقەی ٣١ ) کۆبونەوەیەک بۆ ئەندامانی کۆمیتە ناوەندەی سازبکات، لە کۆی ٢١ ئەندامی کۆمیتە ناوەندی ١٢ ئەندام ئامادەبوون. لینین باسی نەخشەکارەکانی خۆی کرد بۆ ئەوەی کە ڕاپەڕین ئەنجام بدەن، کۆبونەوەکە دە (١٠) کاتژمێری خایاند، لە کۆتایدا نەخشەکارەکە خرایە دەنگدانەوە. ١٠ ئەندامان ڕازی بوو و دوو ئەندامیش مخالیف بوون کەهەریەک لە "کامنیڤ و زینۆڤیڤ" بوون. لەم ڕۆژەدا نەخشەکاری ڕاپەرین دانراو لە ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبەر بەلشەفیەکان توانیان دەسەڵات بەدەستەوە بگرنو یەکەم حکومەتی خۆیان پێکهێنا. لینین بوو بە یەکەم سەرۆکی ئەو حکومەتە، کە لە ١٥ کەس پێک هاتبوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨دا بە هاوکاری دەوڵەتە سەرمایەدارەکان، دەرەبەگەکان، سەرمایەداران، هەندێ لەدەستو پێوەندی قەیسەر لە جەنەراڵەکانی سوپا، شەڕێکی ناوخۆیان دروستکرد.

لە ٣٠ / ٨ / ١٩١٨ لە کاتێکدا کە لینین کۆبوونەوەی بە کرێکارانی کارگەیەک دەکرد، لەکاتی هاتنە دەرەوەی لە لایەن (فانیا کابلان) بانگی لینینی کردو دایە بەر دەستڕێژی گوللە، سێ فیشەک بەر لینین کەوت. ئەمە بووە هۆی تێکچونی باری تەندروستی. لە ئایاری ١٩٢٢ لینین توشی یەکەم جەلتەبوو، لای ڕاستی توشی شەلەل کرد. لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵدا توشی جەلتەی دووهەم هات. مەکتەبی سیاسی بڕیاریاندا کە لینین دانیشێت و کار نەکات. لە مانگی ئازاری ١٩٢٣ توشی جەلتەی سێهەم هاتو ئەم جارە لە جێگا خستی‌و لە قسە کردن کەوت. لە ٢١ / ١/ ١٩٢٤ جەلتەیەک لێیداو ئەم جارە بووە هۆی ژیان لەدەستدانی. لینین مۆمیا کراو لە گۆڕەپانی سور لە مۆسکۆ نێژرا. لەو ڕۆژەوە ساڵانە بە سەدان هەزارکەس سەردانی دەکەن.

ئەگەر کەسێک بیەوێت بە کەمێک دادپەروەری و بێلایەنییەوە حوکم بدات، بێگومان دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆل و شوێنی ڕاستەقینەی لینین لە مێژوودا، دەردەکەوێت کە لینین ئازادیخوازترین و پێشکەوتنخوازترین سەرکردەی سیاسی جیهانە لەسەردەمی خۆیدا – و لە سەد ساڵی ڕابردوودا.

**بەرزوو بەڕێزبێت یادی ئەم ڕابەرە مەزنەی چینی کرێکار!**

**بژی لینین، بژی لینینیزم!**



# نامیلکەی (حیکمەتیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری) و چەند سەرنجێك

کۆتایی ساڵی 2023 ئەم نامیلکەیە بەم ناونیشانەی سەرەوە، کە کۆکردنەوەی دە دیدار و چاوپێکەوتنە لەگەڵ هاوڕێیان (عوسمانی حاجی مارف و ڕێبوار ئەحمەد)دا بڵاوکراوەتەوە؛ ئەم نامیلکەیە لە ئامادەکردنی (جان سەعید و ڤینا ئەحمەد)ە. بەشی زۆری دیدارەکان لە ساڵانی دوو هەزارەکاندا (2005، 2006، 2007، 2008) ئەنجام دراون.

بڵاوکردنەوەی نامیلکەی لەم چەشنە تا کۆمۆنیزمی کرێکاری و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لە دەورانە چارەنووس سازەکاندا بە نەوەی ئێستا بناسێنێ، تا کرێکاران و لاوان و خوێندکاران دەستیان پێ بگات وقەزاوەت لەسەر سیاسەتەکانی حیزب بدەن، کارێکی زۆر پێویست و پڕ بایەخە. بۆیە بڵاوکردنەوەی نامیلکەی لەم چەشنە پێویستە دیقەتی زیاتری تیادا بکرێ و گرنگی بە هەموو لایەنەکانی ئەو بابەتانەی لەخۆی دەگرێ، بدرێت و بە زمانێکی پاراو و دوور لە هەڵەی ڕێزمانی بڵاوبکرێتەوە.

سەرەتای کتێبەکە باسێکی کورتە بە ناونیشانی (دەور و نەقشی چەپ)، کە زیاتر لە پێشەکی ئەچێت، بەڵام ناوی هیچ کەسێکی لە ژێردا نەنووسراوە، ئەمە لە شێوازی نووسینی هاوڕێیان (عوسمان و ڕێبوار) ناکات. بۆیە ئەگەر ئامادەکاران (جان سەعید و ڤینا ئەحمەد) ئەم پێشەکییەیان نووسیوە، ئەوا ئەبوایە ناوی خۆیان لە ژێردا بنووسیایە.

ئەوە کارێکی باشە کە مێژووی (بەرواری) بڵاوبوونەوەی هەر چاوپێکەوتنێک نووسراوە لە کۆیایی هەر دیدارێکدا، بەڵام ئەمە پێویست بوو کە لە سەرەتای هەر چاوپێکەتنێکدا بنووسرایە، نەک لە کۆتاییدا، وە زۆر پێویست بوو کە ناوی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیایەی چاوپێکەوتنەکەی کردووە، بنووسرایە. ئەمە چاو ڕوونی ئەدا بە خوێنەر کە هەلومەرجی سیاسی ئەو کاتەی دیدارەکەی تیادا ئەنجامدراوە لەبەرچاوبگرێ، خودی زانینی ناوی ڕۆژنامەکەش کە دیدارەکەی ئەنجام داوە، کە ئایا سەربەدەسەڵات بووە یان نا، یارمەتی خوێنەر ئەدا کە لە شێواز و مەبەست و ناوەرۆکی پرسیارەکان تێگەیشتنێکی زیاتری هەبێت.

ئەگەر ئامادەکاران (جان و ڤینا) بە بێ ئاگاداری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و ئەو دوو هاوڕێیە (عوسمان و ڕێبوار) هەستابێتن بە کۆکردنەوەی ئەو دیدارانە و بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە. ئەوا من جگە لە دەستخۆشانەی زۆر بۆ جان و ڤینا، شتێکی ترم نەبوو بیڵێم، بەڵام پێدەچێت وانەبێ و ئەم کارە بە ئاگاداری حیزب و ڕەزامەندی هەریەک لەو دوو هاوڕێیە (عوسمان و ڕێبوار) ئەنجام درابێ.

لەم نامیلکەیەدا چەندان جار بە هەڵە لە جیاتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، نووسراوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارن. وە بە تایبەت لە سێ دیداری یەکەمی هاوڕێ عوسماندا حیزبی کۆمۆنیست لە جیاتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەکار هاتووە، بەبێ ئەوەی هاوڕێ عوسمان بۆ جارێکیش ئەم هەڵەیە بۆ ئەو کەسەی پرسیار ئەکات، ڕاستبکاتەوە. نەک هەر ئەمە، هاوڕێ عوسمان خۆشی لە وەڵامەکانیدا بەردەوام ئەبێت لە دووبارەکردنەوەی ئەم هەڵەیە. هێنانەوەی پاساوی ئەوەی کە بوترێت لە کۆمەڵگادا ئەوە لای خەڵک ڕۆشنە کە بە حیزبی شیوعی ئەوترێت شیوعی و کە وتت حیزبی کۆمۆنیست، ئیتر مەبەست لێی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە، ئەمە هەڵەیە و سەرلێشێواندن بۆ خوێنەر دروست ئەکات. ئەگەر ئەم نامیلکەیە وەرگێڕدرێ بۆ هەر زمانێکی تر، ئاڵۆزی و سەرلێشواندنێکی ناپێویست درووست ئەبێ. نووسەری باش هەر بۆ ئێستا و ئەمڕۆ نانووسێ، بەڵکو بۆ سبەیش ئەنووسێ.

بەزۆری لە هەر کتێب و نامیلکەیەکدا، پەرەگرافێکی پوخت و پڕ مانا، لە بەرگی دواوەی کتێبەکە دادەندرێ کە ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی کتێبەکە بێت و سەرنجی خوێنەر ڕاکێشێ. لەم نامیلکەیەدا ناسازترین پەرەگراف، کە پڕە لە هەڵەی ڕێزمانی و هەر ڕستەی ڕووی لە ئاراستەیەکە، دانراوە. خوێنەر ئەبێت خۆی مەزندە بکات کە مەبەستی نووسەر لە (لە 17ی ئۆکتۆبەردا) واتە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 یە لە ڕوسیا.

بۆ نامیلکەیەکی ئاوا کە بۆ نەوەی ئێستا و ئاشنابوونی خەڵکە بە حیکمەتیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئایا مەرجە کە ئەو چاوپێکەوتنانەی پانزە ساڵێک لەمەوپێش بڵاوکراوەتەوە، هەر ئەبێ وەک خۆی دابنرێتەوە و نووسەر نابێت هیچ گۆڕانکارییەکی تیادا بکات. من پێم وا نییە، هەندێ لەو چاوپێکەوتنانە وادەردەکەوێت کە لەگەڵ بڵاوکراوەی سەربەدەسەڵاتدا کراوە، کە ڕەنگە وەڵامەکانیان بۆ مەبەستی خۆیان کورتکردبێتەوە و ئەوەی مەبەستیان بوو بێت بڵاویان کردبێتەوە. بۆیە پێویست بوو هاوڕێ عوسمان کاتی بۆ تەرخانبکردایە و وەڵامەکانی دارشتبایەتەوە و ئەشێتوانی ئەمە بە خوێنەر بڵێ، کە من هیچ کێشەیەکی تیادا نابینم. من ئەزانم کە هاوڕێ عوسمان ماندوونەناس و زۆر مەشغول و پڕ کارە، بەڵام بۆ نامیلکەیەک بە ناونیشانێکی ئاوا گرنگەوە، ئەوا ئەبوایە کاتی بۆ تەرخان بکردایە و دوو موقابەلە و دوو وتاری کەمتر بنووسیایە، بەڵام پووخت تر و پاراو تر وەڵامەکانی خۆی دارشتایەتەوە. وە ئەگەر ئەو کات تەرخانکردنەی بۆ مەیسەر نەئەبوو، ئەوا ئەبوایە ڕێگەی بە بڵاوبوونەوەی لانی کەم سێ چاوپێکەوتنی یەکەمی نەدایە لەم نامیلکەیەدا.

**بەهیوای لە چاپی دووەمی ئەم نامیلکەیەدا ئەو کەموکوڕیانە پڕبکرێتەوە.**

**نووسینی: عامر سایر**



# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

## پەیوەندی، فێرکردن، ڕێنماییکردن

### بەشی یازدەهەم

پەیوەندی، فێرکردن، ڕێنماییکردن یەکەمین مەسەلەیەک، کە دەبێ چارەسەر بکرێ، مەسەلەی پەیوەندی و لێکەوتی هەمیشەیی ڕێکخراوی نهێنییە لەگەڵ ئاژیتاتۆر. لە هەلومەرجی ئێستادا دڵنیاترین ڕێگای پاراستنی ئەم پەیوەندییە ئەوەیە، کە ئاژیتاتۆر بخرێتە سەر پەیوەندگرتن بە یەک مورەویجی کارامەی حیزبییەوە، کە تەنها ئەرکی (یان ئەرکی سەرەکی) ڕێکخراوەییی ئەو پاراستنی پەیوەندی، فێرکردن، گۆشکردنی سیاسی و ڕاپۆرتدانە لەسەر کاری ئاژیتاتۆر. تەرخانکردنی هاوڕێیەکی تایبەت بۆ هەر ئاژیتاتۆرێک لانی کەمی ئیمکاناتێکە، کە دەبێ لە خزمەت هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆر دابنرێ. بەڵام هاوڕێی پەیوەندگر تەنها ئەرکی پاراستنی پەیوەندیی ئاژیتاتۆر و شانەی نییە، بە پێچەوانەوە ئەو لە واقیعدا نوێنەری تەواوی ئۆتۆریتەی شانە دەبێ لە پەیوەند بە ئاژیتاتۆرەوە. لەڕووی سیاسی و شەخسییەتی خەباتکارانەوە، هاوڕێی مورەویج دەبێ هاوڕێیەک بێ، کە بتوانێ وەڵام بە مەسەلە تیۆری و عەمەلییەکانی ئاژیتاتۆر بداتەوە، لە کاتی کارکردندا ئەو ڕێنمایی بکات و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کاری ئەو گەڵاڵە بکات. هاوڕێی مورەویج دەبێ بتوانێ ببێ بە یەک ئۆتۆریتەی مەعنەوی و سیاسی بۆ ئاژیتاتۆر. هەرچەندە ئاژیتاتۆر بە پێشینەتر، بەئەزموونتر و چالاکتر بێ، تایبەتمەندییەک کە هاوڕێی مورەویجی پەیوەندگر دەبێ هەی بێ، بە هەمان ڕادە دەبێ لە ئاستێکی باڵاتردا بێ.

شێوازی کاری ڕۆژانەی مورەویج لەگەڵ ئاژیتاتۆردا

هاوڕێی مورەویج بۆ ئەوەی بتوانێ ڕێنمایی ئاژیتاتۆر بکات، دەبێ لە هەمان شوێنی هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆر (کارگە و گەڕەک)دا ئامادە بێ، وە ئەگەر بتوانرێ لە هەمان یەکەی بەرهەمهێنان کە ئاژیتاتۆر تیایدا کار دەکات، ئیش بکات و چالاکی دەنوێنێ، پەیوەندی ئەم دوو هاوڕێیە دەبێ پەیوەندی دوو دۆست و دوو هاوکاری نزیک بێت. بەڵام ئاستی ئاشکرای ئەم دۆستایەتییە دەبێ بە شێوەیەک بپارێزرێ، کە لە لایەکەوە ئاژیتاتۆر و هاوڕێی مورەویجی حیزبی بە شێوەیەکی خۆبەخۆ یەکتری ئاشکرا نەکەن. مورەویج دەبێ دۆستێکی نێو دۆستەکانی ئاژیتاتۆر بێت. لە لایەکی ترەوە ئەم هاوڕێیەتییە دەبێ ئەوەندە نزیک بێ، کە پەیوەندی یەک لەدوای یەکی ئاژیتاتۆر و مورەویج بۆ هەر کەسێکی دوور لە ئەمان کارێکی سروشتی بێتە بەرچاو.

بە پێچەوانەی ئاژیتاتۆرەوە، کە بەشداری ئاشکرا و نیمچە ئاشکرا لە خەباتی کرێکاریدا ئەرکی ئەوە. هاوڕێی مورەویج دەبێ هەتا بتوانێ و بۆی بکرێ وەکوو یەک کرێکاری ئاسایی بەشداری ناڕەزایەتییەکان بکات. ئەگەر مورەویج خۆی ڕاستەوخۆ دەخاڵەت لە کاری ئاژیتاسیۆندا بکات، ئەو کاتە شانەی حیزبی بەکردەوە دوو ئاژیتاتۆری بێ پشتیوان و بێ پەیوەندی هەیە. مەسەلەکە دەتوانرێت بەم شێوەیە لە بەرچاو بگیرێت، کە هەر یەکەیەکی ئاژیتاسیۆنی ئێمە لانی کەم دوو کەس دەگرێتە خۆی، یەکێکیان خودی ئاژیتاتۆرە و ئەوەی تریان لێپرسراوی سیاسی و پەیوەندی ئەوە. پاراستنی کاردابەشکردن لە نێوان ئەم دووانەدا حەیاتییە. هاوڕێی مورەویج دەبێ کارێک بکات، کە لە دەروونی پەیوەندییە سروشتییەکاندا ئاژیتاتۆر بتوانێ لە ڕێگەی ئەوەوە و بە یارمەتیی ئەو بڵاوکراوە حیزبییەکان بخوێنێتەوە، دەستی بگات بە کتێب و نامیلکە زەرورییەکان و بە لێکۆڵینەوە ناوخۆییەکانی حیزب ئاشنا بێ. ئاژیتاتۆر لە ڕێگەی هاوڕێی مورەویجەوە بۆچوونەکان و ڕاپۆرتی خۆی ڕەوانەی شانە و ڕێکخراوەی حیزبی دەکات. سەرەکیترین خاڵێک لە پەیوەندی نێوان مورەویج و ئاژیتاتۆردا، پشتبەستنی سیاسیی ئاژیتاتۆرە بە مورەویج و ئۆتۆریتەی مەعنەوی هاوڕێی مورەویجە. بەم شێوەیە پەیوەستکردنی ڕابەرانی عەمەلی لەگەڵ شانەکان، لە بنچینەدا لە گرەوی هەبوونی هاوڕێیانێکدایە کە بتوانن ڕۆڵی پەیوەندگر_ مورەویج بە چاکی بگەیەنن. هەموو پەیوەندگرێک ناتوانێ ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، چونکە لاوازیی سیاسی، لاوازیی ئەزموونی مورەویج دەبێتە هۆی دواکەوتوویی ئاژیتاتۆر، دڵساردی ئەو لە کار و جیایی سیاسی ئەو لە حیزب. ئەگەر ئەم ئۆتۆریتە مەعنەوییە بە دەست بێت، ئەوا هەڵسووڕانی ڕۆژانەی ئاژیتاتۆر بە چاپوکی و بەکەمترین ناڕۆشنیی عەمەلی و بە پلەیەکی کافی لە پشتبەستن بە خۆ ئەنجام ئەدرێ. لێرەدا مەسەلەی ئێمە پێش ئەوەی ڕێکخراوەیی و کارگێڕی بێت، یەک مەسەلەی سیاسییە. ئێمە دەبێ کادرە مورەویجە خاراوەکانی خۆمان لە خزمەتی ڕاکێشان و ڕێکخستن و پاراستنی پەیوەندی بە باشترین ڕابەرانی عەمەلی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا دابنێین.

زەروورەتی سەربەخۆیی عەمەلی ڕێژەیی ئاژیتاتۆر

تەنانەت لە کاتی ئیمکانبوونی پێکهێنانی پتەوترین پەیوەندی لەگەڵ شانەکان و ڕێکخراوی حیزب، واتە لە هەلومەرجێکی زۆر لەبارتر لە ئەمڕۆ، یەک موبەلیغی شەعبی حیزبی و یەک ڕابەری کۆمۆنیستی کرێکاران دەبێ لە ئازادییەکی عەمەلی ڕێژەیی بەرز بەهرەمەند بێ. داهێنان لە کاردا، بڕیاردانی خێرا، دەستنیشانکردنی دەستبەجێی مەوقیعەت لە ساتە جیاوازەکانی خەباتدا، مەرجی پێویستی هەڵسووڕانی یەک ئاژیتاتۆری کۆمۆنیستییە و ئەمە لەگەڵ پلەیەکی بەرزی سەربەخۆیی لە چالاکی نواندنەکانی جاریدا هاوتایە. لە هەلومەرجی ئێستادا، دەبێ ئێمە بە ڕادەیەکی زۆرتر، لە مەسەلەی ئازادیی کار بۆ ئاژیتاتۆرەکان، "ڕازی" بین. نالەبارییەکانی ئەمنییەتی و عەمەلیی پەیوەند و کونترۆڵ تا ڕادەیەکی زیاد لەم قوناغەدا دەبێ لەڕێگەی فێرکردنی ئاژیتاتۆر، هاودڵی ئایدیۆلۆژیک_ سیاسیی نێوان ئاژیتاتۆر و ڕێکخراوی نهێنی و نەریتە جێگرتووەکانی هەڵسووڕانەوە قەرەبوو بکرێنەوە.

لە هەر جێیەک "کونترۆڵ" وەکوو یەک مەسەلەی ڕێکخراوەیی و کارگێڕی لاواز بێت، ڕۆڵی هاوئاهەنگی سیاسیی تاکەکان و لەسەرخەتبوونیان و زاڵبوونی ئەوان بەسەر نەریتەکانی کاری حیزبیدا زیاد دەکات. لەم قوناغە تایبەتییەی هەڵسووڕانی حیزب، ئێمە دەبێ بە شێوەیەکی لێبڕاوانە، بە ڕادەیەکی زۆر پشت بەم هوکارە سیاسی_ ئایدیۆلۆژیک و بەم نەریتانە ببەستین (کە دەبێ بە هەوڵ و کۆشش جێگیر بکرێن). ئەو نەریتانەی کە لە بنەڕەتەوە هەتا ئێستا نەبوون و گەڵاڵە و جێگیرکردنیان ئەرکی ئێمەیە. هەر چەندە ئاژیتاتۆر لەڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە پتەوتر بێت، پێداویستییەکانی حیزب بە دروستی بناسێت و لە کاری خۆیدا بەئەزموون بێت، ڕێکخراوی نهێنی دەتوانێ بە هەمان ڕادە زیاتر پشت بە ڕاستیی بڕیارە فەردییەکانی ئەو ببەستێت. ئەمە ئەرکەکانی هاوڕێی پەیوەندگر و مورەویج بەهێزتر دەکات و زەبرلێدانی ڕێکخراویش کەم دەکاتەوە.

ئەمنییەتی شانەکان

چۆن دەتوانرێت شانە لەو زەبرلێدانانە بپارێزرێت، کە هەڵسووڕانی عەلەنیی ئاژیتاتۆر بۆی دێنێتە پێش. هاوڕێی مورەویج خۆی یەک ئەڵقەی میانەییە، کە ئاژیتاتۆر لە شانە جیا دەکاتەوە ئیمکانی ئەوە بە ئێمە دەدات، کە شانە لە دەستپێڕاگەیشتنی پۆلیس دوور بخەینەوە. هۆشیاری هاوڕێی مورەویج لە دیاریکردنی ئەگەری زەبری پۆلیس لە ئاژیتاتۆر، ڕاگەیاندنی مەترسی لەسەر ئاژیتاتۆر و شانە لە لایەن خودی مورەویجەوە لە کاتی خۆیدا، توانستی ئەوە بە ئێمە دەدات کە خۆمان لە زەبرلێدان دوور بخەینەوە، یان ئەو زەبرە لە هەمان سنووردا ڕابگرین. لە هەلومەرجی ئێستادا دەبێ زانیاری ئاژیتاتۆر لەسەر شانە زۆر کەم و تەنها بە ڕادەیەک بێ کە بۆ هەڵسووڕانی ئەو حەیاتییە. ئەم زانیارییانە دەبێ بە ڕادەیەک بێ، کە تەنانەت دەستکەوتنی هەموو ئەمانە لە لایەن پۆلیسی سیاسییەوە نەبێتە هۆی شوێنپێ هەڵگرتنی شانە. زانیاریی هاوڕێی مورەویجیش لە شانە، دەبێ بەپێی پرانسیپی "لانی کەمی زانیاری" بەرتەسک بێتەوە، بە جۆرێک کە لە کاتی زەبرخواردنی هاوڕێی مورەویجدا، شانە هەلی تەواوی بۆ پاکسازیی خۆی بەدەستەوە بێ. لە هەلومەرجی ئێستادا دەبێ چاوپۆشی لە بەشداریکردنی هاوڕێی ئاژیتاتۆر لە دانیشتنی شانەکاندا بکرێت. لە هەلومەرجی باشتردا دەتوانرێ ئاژیتاتۆر بانگ بکرێت بۆ دانیشتنی تری حیزبی، کە لەوێدا ئیمکانی یەکترناسینی کەسە بەشداربووەکان نەبێ. لە هەلومەرجێکدا و لە ئاییندەشدا، دەبێ بەشداربوونی ئاژیتاتۆر لە دانیشتنە حیزبییەکاندا لە هەموو لایەنەکانی ئەمنییەتییەوە زۆر بە وردی، قووڵی و دڵنیاییەوە بێت.

**ماویەتی...**

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆشیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



## عوسمان حاجی مارف: ناوەندبونەوەی عێراق بۆتە فشارێکی گەورەو جدی لەسەر بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی و دابەزینی قەوارەی حکومەتی هەرێم...

## دیمانە لەگەڵ عوسمان حاجی مارف/ سکرتێری کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان... سەبارەت بە گوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی...

**بۆپێشەوە: بڕیار و گوشارەکانی بەغدا لە دوای شەری سەربازی دژی داعشەوە بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم، بەردەوامە، هۆکاری سەرەکی ئەم گوشارانە چییە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** دامەزراندنەوەی حکومەتێک لە عێراقدا کە لەسەر بنەمای بەش بەشێنەی هێزە قەومی و تائیفیەکان پێکهێنرا، لە هەمان کاتدا حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیش ڕۆڵێکی سەرەکیان دی لە پرۆسەی دامەزراندنەوەیدا، ئاساییە ڕەواڵی دۆخەکە ئەو ئاراستەیە وەرگرێت، کە لە هەر ئاڵوگۆڕێک لە هەلومەرجی سیاسی و گۆڕانی هاوسەنگی هێزەکاندا، ئەو بەشانەی حکومەتیان پێکهێناوە، مامەڵەی دابەشکردنەوەی بەشەکان بگۆڕن، لە سەرەتای پێکهێنانی حکومەتی بەغداد، حزبە کوردییەکان وەک هێزی میلیشاو خاوەن دەسەڵات لە کوردستانی عێراقدا خاوەنی پێگەیەکی بەهێز بوون، توانیان ڕۆڵێکی سەرەکی لە دامەزراندنەوەی حکومەتی عێراقدا ببینن، تارادەیەکیش سودمەند بن لە زیاتر بەدەستهێنانی دزی و تاڵانی، لە هەمان کاتدا توانیان پێگەیەکی بەهێزتر لە حکومەتی هەرێمدا بچەسپێنن. هەڵبەتە ئەو فرسەتە ئاڵتونیانەی بۆ حزبەکانی کوردایەتی بەدوای ڕوخانی حکومەتی بەعس هەڵکەوت، توانیان بە لێشاو ئیمکاناتی دارایی بەدەست بهێنن، بونە خاوەنی کۆمپانیای بازرگانی و قاچاخچێتی بە نەوت و مۆنۆپۆلکردنی تەواوی سێکتەرە دارایی و ئابورییەکان لە کوردستاندا. بەڵام بەدوای کۆتایی شەڕی داعش و شکستی ریفراندۆم، تەرازوی پێگەی هێزیان بە جۆرێک شکایەوە کە دەرگای فرسەتی سەربەرزکردنەوەیان بە تەواوەتی لێ داخرا.

**تێکەڵ بونەوەی کوردستان بەعێراق بەکردەوە کراوە، بە ئاشکرا دەبینین کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی تەواو سنوردار کراوەو قەوارەی هەرێم هەنگاو بە هەنگاو بچوك کراوتەوە، لە هەوڵی ئەوەدان بچوکتریشی کەنەوە...**

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدەین بەدوای کۆتایی شەڕی داعش و بەرزبونەوەی ئاستی هاوسەنگی هێزە شیعەکان لە حکومەتی عێراقدا، بە تایبەتی باڵادەستی "چوارچێوەی هەماهەنگی" لە حکومەتدا، بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێران، شانسی پێگەی حزبەکانی کوردایەتی، نەک لەبەرامبەر لە دەستدانی خەوخەیاڵی سەربەخۆیی ئابوری کوردستان زەلیل کران، بەڵکو قەوارەی هەرێمیش بێ بەهاو فەرامۆش کرا، هەروەها ملکەچی تەواوی نەخشەو سیاسەتەکانی دەسەڵاتی 'چوارچێوەی هەماهەنگی" کران. ئەوەی لە بەرنامەی حکومەتی عێراقی دایە، چەسپاندنی ناوەندبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسییە، وەک پێکهاتەی حکومەتی عێراق بە هەرێمیشەوە، ئەمەش ئەو گوشارەیە کە حکومەتی هەرێم و حزبەکانی کوردایەتی لە دابەزینی ئاستی پێگە سیاسی و جەماوەری و سەربازیەوە دەرگیری بون، لە هەمان کاتدا نەمانی پشتیوانی و مامەڵەی جیهانی و ناوچەیی لە پەیوەندی ئابوریدا، ناچارن پێشوازی لەو ملکەچ کردنەی حکومەتی عێراق بکەن.

**بۆپێشەوە: گوشارە بەردەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** حزبەکانی دەسەڵاتدار لە کوردستان، یان تایبەت تر بلێین بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی تاڵەبانی، بەدوای سیاسەتی پاشکۆ بونیان بە داگیرکاری عێراق لە لایەن ئەمریکاوە، توانیان ببنە خاوەنی بەدەستهێنان گەورەترین سامانی تاڵانی، هەرچەندە لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا بە ڕێکەوتن لەگەڵ هێزە میلیشیا ئیسلامی و تائیفی قەومیەکاندا، واژۆی پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵیان کرد، بەڵام لەباری عەمەلیەوە خەریکی دامەزراندنی ئابورییەکی سەربەخۆ بون لە کوردستاندا، کە بەبازرگانی و قاچاخچێتی بەنەوت، سەرەکیترین سێکتەری کەڵەکەی سەرمایە و بەهێزکردنی پێگەی حکومەتی هەرێم بون، بەڵام بەدوای هەڵسانەوەی دامەزراندنی حکومەتی عێراق بەدەوری جێگیربوونی دەسەڵاتی شیعەکان بە تایبەتی بە باڵادەستی "چوارچێوەی هەماهەنگی"، بە پشتیوانی و دەخالەتی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی و لەدەرەوەی توانای حزبەکانی کوردایەتی، کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێم ڕۆشتە نێو دەورانێکی تر لە مامەڵەی پەیوەندی نێوانیان. بەتایبەتی کە مەسەلەی ناوەندبونەوەی حکومەت لە عێراقدا کە پێشتر لە چوارچێوەی پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵیدا ڕێکەوتنی لەسەر کرابو، هێنراوەتەوە مەیدان و ناوەندبونەوەی عێراق بۆتە فشارێکی گەورەو جدی لەسەر بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی و دابەزینی قەوارەی حکومەتی هەرێم، چونکە لە هەمان کاتدا ناوەند بونەوەی عێراق و پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، مەقبولیەتی تەواوی پێدرا لەلایەن تەواوی ئەو دەوڵەت و لایەنانەی دەخالەتیان لە عێراق و ناوچەکەدا هەیە. ئەتوانم بڵێم حزبەکانی دەسەڵاتدار لە بزوتنەوەی کوردایەتی لەم ئاڵوگۆڕو ململانێیانەدا، تەواو دەستیان خاڵی کراوە، هەر ئەمەشە ناچارن سیاسەتی ملکەچی بۆ حکومەتی فیدراڵی عێراق بگرنە بەرو لەژێر باڵادەستی و چاودێری ڕێکخستنەوەی حکومەتی فیدراڵیدا کە واژۆیان کردوە مامەڵە بکەنەوە، ئیتر شتێک نەماوەتەوە بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی بە ناوی سەربەخۆیی کوردستان و سەربەخۆیی ئابوری.

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لەدژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تیکەڵ بوونەوەی بەکردەوەی کوردستانە بەعێراقەوە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** تێکەڵ بونەوەی کوردستان بەعێراق بەکردەوە کراوە، بە ئاشکرا دەبینین کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی تەواو سنوردار کراوەو قەوارەی هەرێم هەنگاو بە هەنگاو بچوک کراوتەوە، لە هەوڵی ئەوەدان بچوکتریشی کەنەوە، لەم بارەیەوە فشارەکانی حکومەتی عێراق و بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی شاراوە نین، پارتی و یەکێتی ناچار کراون ئەو تێکەڵ بونەو بڕیارەکان قەبوڵ بکەن و پەیڕەوی لێ بکەن. ئەوەی جێگای ئاماژەیە لە نەخشەی حکومەتی عێراقدا ئەم هەوڵدانە بەمانای ئەوە نایەت کە کۆتایی بەدەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بهێنرێت لە هەرێمدا، بەڵکو لەئاستێکی دیارکراو پێویستی ئەوەی پێیانە کە لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی حکومەتی فیدراڵی عێراقدا، کوردستانی بۆ بەڕێوە بەرن.

**بێزاری و تورەیی و نەفرەت لەم دەسەڵاتە، واقعێکی حاشا هەڵنەگری خەڵکیەو خواستی کۆتاییهێنانی ئەم دەسەڵاتە، ئومێدێکی گەورەی دانیشتوانە...**

**بۆپێشەوە: بەشیک لەخەڵکی کوردستان بەتایبەتی موچەخۆران، دەیانەوێت بەغدا موچەیان بداتێ و لەژێر دەسەڵاتی هەرێم نەمێنن، ئایا ئەوە کیشەی موچە چارەسەر دەکات"؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** نەدانی موچە لە هەرێمدا کێشەیەکەو نارەزایەتی بەرفراوانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی لێکەوتۆتەوە، کە بە شێوازی تایبەت بە خۆیان تەعبیر لەو نارەزایەتیانە دەکەن، بەڵام تائێستاش لەو بارەیەوە وەڵامێکی دیاریکراو نییە، کە چارەنوسی ڕێکخستنی پێدانی موچە چی بەسەر دێت، گوزەرانی مامۆستایان و فەرمانبەرانیش بۆتە قوربانی ململانێی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد، ئەوەی جێگای ڕیسوایی و شەرمەزارییە، هیچ لایەنێکیشیان بە هیچ جۆرێک هەستیار نین بەرامبەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، بۆیان گرنگ نییە کەبەم سەوداو مامەڵەیەو یاریکردن و دەستی دەستی بە فەرمانبەران چارەیەک نیشان بدەن، هەروەها کێشەکانی نێوان خۆیان دەبەستنەوە بە چارەنوسی ژیانی خەڵکەوە، هەڵبەتە پەرچەکرداری ئەو خەڵکەش لە چەندین شێوازی نارەزایەتی و پێشنیارو خواستی جیاوازدا خۆی دەنوێنێت، لە ناچاریا پەنا بۆ ئەوە دەبەن و داوا دەکەن بەغدا موچەیان بداتێ و لە ژێر دەسەڵاتی هەرێم نەمێنن. ئەوەی ڕاستی بێت خەڵکی مافی ئەوەیان هەیە بەهەر شێوەیەک دەگونجێت داوای دابینکردن و ڕێکخستنی موچەکانیان لە کاتی خۆیدا بکەن، بەڵام تا ئێستا بەغداش لەو بارەیەوە وەڵامێکی فەرمی نەداوەتەوە، کەلەم بارەیەوە هەڵوێستی چییە.

ئەوەی دەتوانێ دەسەڵاتداران ناچار کات بۆ وەڵام بە داواکانیان، بەفراوانکردن و بەهێزکردنی نارەزایەتیەکانیانە، خۆیان ڕادەستی فریوی هیچ قەولێکی دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەغداد نەکەن، تا لە باری عەمەلیەوە تەواوی خواستەکانیان جێبەجێ دەکەن، سەرکەوتن و بەهێزکردنی ریزی نارەزایەتییەکان، فراوانکردن و سەراسەری کردنی بایکۆت و خۆپیشاندانەکانە.

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان بەشیوەی گشتی دژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمن و بەکردەوەش ئۆپۆزیسیۆنی بۆژوازی کورد، ئەڵتەرناتیفێکی باشتری دەسەڵات نییە و لەو ئاستەدا نییە، بتوانێت جڵەوی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بکات، خەڵکی کوردستان دەبێ چی بکات، تا لەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هاوشیوەکانی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی ڕزگاری بێت؟ بەکورتی چ ڕیگاو ئەڵتەرناتیفێک بۆ باش بوونی ژیان و گوزەران و ئاییندەی سیاسی کوردستان پیویستە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** ئەزمونی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی عێراقدا، نمونەیەکی تەواو دوورو بێ پەیوەندی لە بەرژوەندییەکانی خەڵک و دابین نەکردنی ئارامی و ئاسایشی نیشاندا، سی ساڵ زیاترە خەڵکی لە هەلومەرجێکی ناجێگیری سیاسی و نەبونی سادەترین خزمەتگوزاری بەسەر دەبات، دەسەڵاتێکی بێدەربەست لە بەرامبەر هەژاری و بێکاری و نزمی ئاستی بژێوی زۆرینەی دانیشتوانی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات، لە هەمان کاتدا بە جەردەیی و دزی و تاڵانی و گەندەڵی، کەڵەکەی سەرمایەیەکی بێ شوماریان بۆ دەسەڵاتداران و بەرپرسەکانی فەراهەم هێناوە. بێزاری و تورەیی و نەفرەت لەم

دەسەڵاتە، واقعێکی حاشا هەڵنەگری خەڵکیەو خواستی کۆتاییهێنانی ئەم دەسەڵاتە، ئومێدێکی گەورەی دانیشتوانە، لە هەمان کاتدا لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نێو چوارچێوەی ئەم دەسەڵاتە، لەلایەک بەو ئەزمونەی گۆڕانی دەسەڵاتیان لە ڕێگەی هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە تاقی کردەوە، گەورەترین شکست و بێئومێدیان پێشکەش کرد، لەلایەکی تریشەوە پێکهاتەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و سەرکردەکانیان جیاوازییەکی بەرنامەیی و سیاسی وەهایان نەخستەڕو کە مانای بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی و ئاسایش و جێگیری سیاسی بۆ خەڵک بەدەست بێنن، بەڵکو تەواوی نەخشەو سیاسەتەکانیان بە گەمەیەکی سیاسی وەها بردە سەر، کە بە ئاشکرا ئەوەی پێوە دیارە بۆ بەشداریکردن لەو دەسەڵاتەو گەندەڵیەکانی هەوڵیانداوە.

**لەڕاستیدا ئەڵتەرنەتیفێکیش وەك ڕێکخراوێکی سەراسەری و ڕادیکاڵ و جێکەوتە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بەو مانایەی لە ڕیزی پێشەوەی ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان بێت بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە نەیتوانیوە لە مەیداندا بێت...**

گەیشتن بەو ئومێدەی کە کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتەو دارمانی تەواوی دامودەزگاکانی بەدی بهێنرێت، ڕێگای کارسازو عەمەلی خرۆشان و ڕاپەڕینی بەرفراوانی جەماوەرییە، کە سەربەخۆ لەئاسۆی کوردایەتی و ئیسلامی سیاسی بێتە مەیدان، لە هەمان کاتدا گەیاندنیەتی بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی دەسەڵاتێک کە دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا مسۆگەرو دابین کات، حزبی ئێمە وەستانی خۆی لە ڕیزی پێشەوەی ئەم خرۆشان و ڕاپەڕین و شۆرشەدا دەناسێنی و بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت.

**بۆپێشەوە: لەکاتێکدا دەسەڵات متمانەی لای خەڵکی کوردستان نەماوەو ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد لە ئاستی ئەوەدا نییە وەکو "بزوتنەوەی گۆڕانی" پێشوو سواری شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری خەلکی کوردستان بێت، چەپ و کۆمۆنیستەکان، لە کوێی بزوتنەوەی نارەزایەتی ئێستای خەڵکی کوردستاندا وەستاون؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** مەسەلەیەک پێویستە لەبەرچاوی بگرێن، لەگەڵ ئەوەی نارەزایەتییەکی بەرفراوان بۆ کۆتایی دەسەڵاتی هەردوو بنەماڵە لەئارادایە، ئۆپۆزیسیۆنی بۆرجوازیش ناکارامەیی و چەواشەکارییەکانی لەو بارەیەوە ناسراون و دەرکەوتون، کەجێگای هیچ جۆرە متمانەیەک نین و نەماون، نایانەوێ و ناتوانن ڕێگایەکی ترو وێنایەکی تر کە ئومێدی ڕاستەقینەی نوێنەری خواستەکان و ڕزگاری خەڵکی بێت لەم دوو بنەماڵەیە نیشان بدەن.

لەڕاستیدا ئەڵتەرنەتیفێکیش وەک ڕێکخراوێکی سەراسەری و ڕادیکاڵ و جێکەوتە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بەو مانایەی لە ڕیزی پێشەوەی ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان بێت بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە نەیتوانیوە لە مەیداندا بێت، هەڵبەتە لەم بارەیەوە بە پەرشوبڵاوی وەک نیشاندانی بزوتنەوەیەکی ڕادیکاڵ و یەکسانخوازی لە ئاستێکی دیاریکراودا لە نێو نارەزایەتیەکاندا سەر دەردەهێنێت، بەڵام نەیتوانیوە وەک حزبێکی سیاسی شۆرشگێر و پتەو ڕێکخەری نارەزایەتیەکان بێت بۆ ئاڵوگۆڕی شۆرشگێڕانەو دابینکردنی دەسەڵاتێک کە بەدەورو ئیرادەو دەخالەتی ڕاستەوخۆڕ خەڵک دابمەزرێت، حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە هەنگاوەکانی بەو ئاراستەیە بەرێتە پێشەوە، پێشوازی لەهەر ڕێکخراو لایەنێک و جوڵانەوەیەک دەکات کە لە ڕاستای هەوڵی دابینکردن و سەرکەوتنی دامەزراندنی دەسەڵاتی شوراکاندایە.

**بۆپێشەوە: گرژی و ناکۆکی نیوان پارتی و یەکێتی لەسەر دەسەڵات و داهات بەردەوامە، ئایا گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەغدا، هۆکاری بەرینبوونەوەی قڵشتی نێوانیانە، یان نەتوانین و ناتەبایی و ملنەدانی پارتی و یەکێتی بەداوای بەغداو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هۆکاری بەردەوامی ئەو گرژیانەیە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** بە گشتی دەتوانین ئەوە بەڕۆشنی دەست نیشان کەین کە بزوتنەوەی کوردایەتی لەسەر بنەمای لاوازی پێگەی ململانێ لە بەرامبەر باڵا دەستی بۆرجوازی عێراقداو نەتوانینی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، هەمیشە ناچاری ئەوە بووە کە پاراستنی مانەوەی هێزەکەی و بەرژەوەندیەکانی لە پەیوەند بە پاشکۆ بونی بە ناوەندەوە بۆ چۆتە سەر، ئەمەش مەوقعیەتی بۆرجوازی کوردی وەها لە قاڵب داوە کە نەیتوانیەوەو بۆی نەکراوە بە یەک ڕیزی بزوتنەوەکەی بچێتە مەیدانی ململانێی کێشەکانیەوە، کە ناچاری سیاسەتی پاشکۆبون تەنها هەڵبژاردەی بەرژەوەندییەکانیان بوە. هەر ئەم مەوقعیەتەش حزبەکانی کوردایەتی بەوە گەیاندوە کە نەتوانن بزوتنەوەکەیان لە چوارچێوەی یەک ڕیزیدا بەیان کەن و بپارێزن.

پارتی و یەکێتیش بە سیاسەتی ڕۆژ سەوداو مامەڵەیان لەگەڵ هەلومەرجەکان و یەکتردا کردوە، ئەم دۆخەی ئێستاش لە پەیوەند بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ئاستی جیهاندا تەعبیرە لە کۆتایی خواستی باڵادەستی تاک جەمسەری ئەمریکا بەسەر جیهانداو جێگیر بوونی ڕەوتی فرە جەمسەرییە، لەهەمان کاتدا ئاراستەیەک کە لە گۆڕانی هەلومەرجی ناجێگیری سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئارادایە بۆ ئارامی و دابینکرنی ئاسایش بۆ سەرمایەگوزاری، تەواو هاوکێشەکان و ئاستی هاوسەنگی هێزەکان دەخاتە دەورانێکی تەواو جیاوازەوە لە دەورانێکی تازەدا، هەر بەم ئاراستەیەش مەسەلەی ناوەندبونەوەی عێراق ئەو هەنگاوانەیە کە ئەم هەلومەرجە تازەیە دەیخوازێت پرۆسەیەکە پیادە دەکرێت.

لەم دۆخەی ئێستادا پارتی و یەکێتی، بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی وەک دوو هێزی باڵادەست لە هەرێمدا، ناچار بوون بە قەبوڵکردنی ناوەندبونەوەی عێراق، هەر لایەکیان وەک مێژویەکی ململانێی نێوانیان، هەوڵئەدا لە ئاستی پێگەو بەرژەوەندی خۆیدا لەگەڵ ئەو دۆخەدا مامەڵەبکات و خۆی بگونجێنێت، هەروەها وەک نەریتی پێشوتریان پێشخزمەتیەکانیان پێشکەش بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ئاشکرایە کەلە دەورانێکی سەرگەردانی و چاوەڕوانیدان کە نادیارە لەم ئاڵوگۆڕانەدا لە کوێدا دەوەستن و چییان پێدەکرێت، بۆیە ململانێی نێوان خۆشیان دەکەوێتە بەر کێبرکێیەک کەلە شەپۆلی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا کامیان دەتوانێ هاوکێشەکە بە قازانجی خۆی کێش بکات.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ئەو هێرشە موشەکی و درۆنیانەی دەکرێنە سەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی زۆنی زەرد ئایا ئەم هێرشانە دەچنە پاڵ هەوڵەکانی بەغدا، بۆ گوشاری زیاتر خستنە سەر هەرێم یان لاتان وایە هەوڵێکە بۆ گوشار خستنە سەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ کشانەوەی هێزەکانیان؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** هەڵبەتە ئەو گوشارانەی بەغداد دەیکاتە سەر هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارەکان سیاسەتێکی ڕۆژانەو بەردەوامە تا دەگات بەو ئاکامەی دۆخی سیاسی عێراق جۆرێک سیمای جێگیری سیاسی بەخۆیەوە دەبینیت، بە مانایەکە ململانێییەکە کە هاوسەنگی هێز زیاتر بە قازانجی ئەولایەنە سیاسیانەیە کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە حکومەتی عێراقدا، بەڵام ناکرێ هەر ڕوداوێک سەر هەڵ ئەدات بخرێتە لێکدانەوەی چوارچێوەی نەخشەی ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراقەوە، هێرشە درۆن و موشەکیەکانی ئێران بۆسەر هەولێر، لە چوارچێوەی ئاگری ئەو شەڕەیە کە ئیسرائیل لە بەرامبەر خەڵکی غەززەدا هەڵیگیرساندووە، لە هەمان کاتدا ئەو هەوڵانەی ئیسرائیل پیادەی دەکات بۆ فراوانبوونەوەی ئەم جەنگە لە ناوچەکەدا، هەروەها لە چوارچێوەی ململانێی ئەمریکا و ئیسرائیلە لە بەرامبەر ئێراندا.

**نەوەی نوێ بەدوای ئەو شکستە گەورەیەی لە کەرکوکدا بەسەری هات، ناتوانێ جارێکی تر بە چەواشەکاری هەڵبژاردن لەسەر شانۆی سیاسی هەرێمدا پێگەی سیاسی بەرێتە سەرەوە ...**

ئەم هێرشە درۆنی یە کە تەواوی لایەکانی بەشدار لەم ململانێیەدا پیادەی دەکەن، بۆتە مەترسیەک لەسەر فراوان بونەوەی جەنگەکە لە ناوچەکەدا، بەڵام لە پەیوەند بەو ئاڵوگۆڕانەی پێشبینی دەکرێت لە ئاستی جیهان و ناوچەکە، ئەگەری فراون بونەوەی ئەم جەنگە بەدوور دەبینرێت.

لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە بەهۆی پاشکۆ بونی زیاتری بەرزانی بە بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ئەمریکاوە، لە زۆنی زەردا بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا جێگیر کراون، بۆیە بۆتە نیشانەیەک بۆ هێزە میلیشیا ئیسلامیەکانی عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران کە هێرشی موشەکی بکەنە سەر. لە واقعدا هەر لەسەرەتای دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیەوە، دەرگاکانی سنوری کوردستان ئاواڵەیە بۆ هەرهێزێک لە وڵاتانی ناوچەکەو زلهێزەکانی دنیا کە بەویست و پێداویستی خۆیان بیکەنە مەیدانی ململانێی سەربازی.

**بۆپێشەوە: لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی هەڵبژاردن وەکو ڕیگایەک بۆ دەرچوون لە دۆخی نەخوازراوی ئیستای کوردستان دەزانن، ئێوە لەوبارەیەوە دەڵێن چی؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** بە بۆچونی من لایەنە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورجوازی بێجگە لە نەوەی نوێ لەوە گوزەراون کە لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە باس لەدەرچون لە دۆخی ئێستا بکەن، بەڵکو بە ئاشکرا بەدوای بەرژەوەندی و دەستکەوتێکەوەن کە لەڕێگەی بەشداریان لەدەسەڵاتدا بەدەستی بهێنن، نەوەی نوێش هەمان ئەزمونێک تاقی دەکاتەوە کە ئۆپۆزیسیۆنەکانی پێش خۆی پێیدا ڕۆشتون کە بە شکست و خۆڕادەستکردن بەدەسەڵات هاتونەتە دەرەوە، لە هەمان کاتدا واقعیەتی ئاڵوگۆڕەکان ئەوەمان نیشان ئەدات، نەوەی نوێ بەدوای ئەو شکستە گەورەیەی لە کەرکوکدا بەسەری هات، ناتوانێ جارێکی تر بە چەواشەکاری هەڵبژاردن لەسەر شانۆی سیاسی هەرێمدا پێگەی سیاسی بەرێتە سەرەوە، لەلایەکی تریشەوە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەم دەورەیە لەبەردەم فشاری کێشەی ناوەندبونەوەی عێراق و ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە پێشبینی دەکرێت لە ناوچەکە بەگشتی و لەعێراق بەتایبەتی، واتە بە ئاراستەی جۆرێک لە سەقامگیری سیاسی کەبۆ ئاسایشی سەرمایەگوزاری هەوڵی بۆ ئەدرێت، لەم نێوەدا نەوەی نوێ ئەو هێزە نییە بتوانی لایەنێکی کاریگەر بێت لە ململانێکاندا، هەڵبژاردنیش لە هەرێم لەم دۆخەدا بە پروسەیەکی جەنجاڵی و سەختدا تێدەپەڕێت، کە هیچ تروسکاییەکی بۆ ئۆپۆزیسیۆن نەهێشتۆتەوە، کە ئومێدێک بۆ ڕۆڵی خۆیانی تیا پەیدا بکەن، جگە لەوەی دەبێت لە نێو هاوکێشە سیاسیەکانی ئێستای ناوچەکەدا تەنها چاوەڕوانی ئایندەی پێگەی دەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانی بن...

# دەقی ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی سەرتاسەری مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازی... لە وەڵام بە ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی

وەڵامێک بۆ بەلاغی کۆتایی کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە ڕۆژی 22/1/2024

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کە دەسەڵاتدارو قەڵەمڕەوی زۆنێکی گەورەو کاریگەرە، پاش زیاتر لە چوار مانگ و نیو لە بایکۆتی مامۆستایان و فەوتانی وەرزێکی تەواوی خوێندن و لەسەرەمەرگی وەرزی دوەمداو لە پەراوێزو کۆتا خاڵی کۆبونەوەکەیاندا، زۆر بە لاستیکیی و ئینشائییانەو بەبێ هیچ چارەسەرێک و بەدەستەواژەی پڕ لە شەرمەزاریی (بایکۆت تەنیا لەم دەڤەرە هیچ ئەنجامێکی لێ بەدینەهاتوە) داوا لە مامۆستایان ئەکەن کە بایکۆت بشکێنن!



کۆبونەوەو داواکارییەکانی ناو کۆبونەوەکە لە کاتێکدایە کە کەسی دوەمی ئەو حیزبە جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستانەو بە فیعلییش سەرۆکی حکومەتی ئیدارەی زۆنەکەیانە، ئەو بەڕێزە لە پێنج مانگی ڕابردودا جگە لە کۆمەڵێک لێدوان، هیچ هەنگاوێکی بۆ سەرپێخستنەوەی خوێندن نەناوە لە قەڵەمڕەوییەکەیاندا، کە لایەنی کەم ئەیتوانی بە جێبەجێکردنی چەند خاڵێک لە پێنج خاڵی داواکاریی مامۆستایان و فەرمانبەران و وانەبێژان، مامۆستایانیان دڵخۆش بکردایەو ئومێدێکی بۆ شکاندنی بایکۆت دروست کردبا!

یەکێتیی ئەتوانێت خەڵکیتر چەواشە بکات، بەڵام مامۆستایان کە وانەی (هۆشیاریی) بە کۆمەڵگا ئەڵێنەوە، بەرچاویان ڕونە کە یەکێتیی خۆی بەشێکە لە کێشەکان و هەر بۆ خۆیشیان ئەتوانن بەشێک بن لە چارەسەر.

یەکێتیی دەسەڵاتی ڕەهای هەیە لە زۆنەکەداو لە کۆی هەرێمیش وەک پارتی بەرپرسیارەو ناتوانێت خەڵک بەلاڕێدا ببات و وەک ئۆپۆزسیۆن لەلایەک موخاتەبەمان بکات و لەلایەکیترەوە مەڵبەندو کۆمیتەکانی و بەڕێوەبەرەکانی پەروەردەمان بۆ بخاتەگەڕ تا ناچار بە دەوامکردنمان بکات!

لە بەلاغەکەدا ناوی سەرۆکی یەکێتی (بافڵ تاڵەبانی) هاتوە کە داکۆکیکار بوبێت لە مافەکانمان، ئەو بەڕێزە بە هەندێ جوڵەو لێدوان، بڕوایەکی لای خەڵک دروستکرد کە ببێت بە سەرەتایەکی ئەوتۆ کە ئومێد بگێڕێتەوە بۆ کۆمەڵگاکەمان، بەڵام دیسان ئەویش جگە لە دیاردەیەکی میدیایی، چی دیکەی لێ شین نەبوا!

ئێمە لەوان ئەپرسین؛ باس لە هەوڵەکانی سەرۆکی یەکێتی دەکرێت لە بەغدا، ئایا هەوڵەکانی چیبون و ئەنجامەکانی چی بو؟!

بەپێچەوانەوە، ئێستا بڕوایەک لەناو خەڵکدا هەیە، کە یەکێتی پێنج مانگە پرسی (بایکۆتی مامۆستایان)ی بۆ دو مەبەست ڕاگرتوەو فشارێکی ئەوتۆی لە مامۆستایان نەکردوە تا بایکۆت بشکێنن:

یەکەم: تا هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق تەواو ببێت و موزایەدەی بونی ئازادی ڕادەربڕین لە قەڵەمڕەوییەکەیدا بەسەر لایەنیتردا بکات.

دوەم: وەک فشارێک و بۆ دانوستان لەگەڵ پارتی لەسەر مێزەکە بیهێڵێتەوە، تا دەستکەوتی زیاتر بۆ خۆیان و سەرکردەکانیان بەدەستبهێنن!

ئێستاش کە کاتی پێکهێنانی حکومەتی خۆجێیی پارێزگای کەرکوکەو پێویستی بەدەنگی پارتییە، ئەیەوێت بە فشارو چاوسورکردنەوەو غیابدان و نانبڕینی نایاسایی و کۆمەڵێک دەسەواژەی چەواشەکارانە، پرسەکە بێنێتەوە گۆڕێ!

ئێمەش بە خەڵکی کوردستان ئەڵێین:

١ -بە ڕاوێژو پرسکردن بە هیچ کەس و لایەنێک بایکۆتمان نەکردوە، تا بە خواست و ویستی ئەویش بیشکێنین!

٢ -بایکۆت پرسێکی سیاسیی نییە تا بە کۆبونەوەی سیاسی و سەرکردایەتی هیچ حیزبێک بشکێت!

بۆ یەکێتییش وا باش بو کە لەبری کۆبونەوەی خۆی، فشاری لە (قوباد تاڵەبانی) کردبا تا ببێتە فریادڕەسی (خوێندنی ئەمساڵی خوێندکاری هەژارو نەداران) بەوەی کە ئەگەر (مەسرور بارزانی) و پارتی داواکاریی مامۆستایان و فەرمانبەران جێبەجێ نەکات، ئەوا لە کابینە وزارییەکەی ئەکشێنەوە، نەک وەک ئۆپۆزسیۆن و تەنێکی نامۆ بە جەستەی حکومەت چەواشەکاریی بکەن!

٣ -داخوازییەکانمان ڕونن، ئێستاش نەچوەو بچێت، ئەتوانن دڵی شکاوی موچەخۆران بە دەستبێنن و لەهەمان کاتدا دڵی خوێندکاران و کەسوکاریشیان خۆش بکەن.

بایکۆت و نارەزایەتییەکان بەردەوام ئەبن و بەبێ ئەنجام کۆتایی نایەت..

درود بۆ خۆڕاگریی مامۆستایان و وانەبێژان..

**سەربەرزیی بۆ خەڵکی بەهەڵوێستی چین و توێژەکانی دیکە..**

**)ئەنجومەنی سەرتاسەریی مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازیی(**

**23/1/2024**

دەسەڵاتی پارتی و بەتایبەتیش یەکتیدا بوو. تێ نەگەیشتن لەوەی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی میلیشیاییدا، لە ڕێگای هەڵبژاردن و کورسی هێنانەوە، دەسەڵات ئاڵوگۆری بەسەردا نایەت، قوربانیەکەی بزوتنەوەی گۆڕان بوو. بۆیە بزوتنەوەی گۆڕان بەجیا لەوەی لەو ڕاستییە تینەگەیشت، هاوکاتیش بە پێچەوانەی ویستی جەماوەرەوە کە کۆتاییهینان بەدەسەڵاتی پارتی و یەکیتی بوو، گۆران بووە دارعاسای ڕزگارکردنی دەسەڵات و چووە ناو ئەو حکومەت و دەسەڵاتە چەتەو مافیایە و "چوار ساڵی ئارامی" وەکو ڕزگارکردنی دەسەڵات لە تورەیی خەڵک، بەدەستەوە گرت و سەرئەنجام خۆی بووە بەشێک لە پەیکەرەی ئەم حکومڕانییە و هاوکاتیش بووە قوربانی و تا ئەو ڕادەیەی لە دواین هەڵبژاردندا یەک تاقە کورسیشی بەدەست نەهێنا.

گرفتیکی تری بزوتنەوەی گۆران، کێشەی ڕابەری بزوتنەوەکە دوای نەوشیروان مستەفا بوو، بزوتنەوەی گۆڕان نەیتوانی و ئێستاش ناتوانێت، کێشەی ڕابەرییەکەی چارەسەر بکات و کەسێک بینێتە پێشەوە کە ببێتە چەتری کۆکردنەوەی ڕابەرییەکەی و ئۆتۆریتەی قبوڵ بکرێت. دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت، گواستنەوەی سامانێکی خەیاڵی نەوشیروان مستەفا بۆسەر کوڕەکانی بەر لە مردنی، هەموو بانگەشەکانی خاکی بوون و گەندەڵ نەبوون و وراسی نەبوونی نەوشیروان مستەفای لای هەموو ئەو جەماوەرە بەبادا کە خۆشباوەریان بەو ستایشە بێ پایەیە هەبوو، وە نیشانیدا کە نەوشیروان مستەفای باوکی هەژاران!! هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هیچ ناکۆکیەکی لەگەڵ دەسەڵاتی بنەماڵەیی نییەو نەبوو. بزوتنەوەیەک ئەوە کارنامەکەی بێت لەسەر ئاستی ڕابەری و کەسی یەکەمی، چۆن دەتوانێت جارێکی تر قاچ بچەقێنێت و خەڵک لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. بزوتنەوەی گۆڕان تاکە هێز و حزبی سیاسییە، کە زوربەی هەرە زۆری کادر و کەسایەتیەکان و بەرپرسەکانی، لە هەموو جێگایەک و بەتایبەت لەناو دەسەڵات و بەتایبەتیش لەناو پارتیدا جێگایان گەرم کردووە و خۆشباوەری بە گۆڕان بە کۆتایی خۆی گەیشتووە.

کۆنفرانسی بزوتنەوەی گۆڕان، لە دۆخێکی ئاوادا، چۆن دەتوانێت بانگەشەی رووبەرووبوونەوەی ئاڵنکارییەکان بکات، بەتایبەتیش کەخۆی بە بەشداری لەدەسەلاتدا بۆتە خولقێنەری ئاڵنکاری و ئاستەنگی گەورە لە بەردەم خەڵکی کوردستان و خەباتی حەقخوازانەیدا.

بزوتنەوەی گۆران بەجیا لەدۆخی ناوخۆیی و کیشەی ڕابەری و پەرش و بڵاوبوونەوەی ریزەکانی و شەپۆلی تۆران و سەنگەر گواستنەوەی کادران و کەسایەتی ڕابەری بەرجەستەیان بەتایبەت بۆ ناو پارتی، هاوکات لەگەڵ دۆخێکی سیاسی تایبەتی بەرەو ڕووە، کە سەرجەم بزوتنەوەی کوردایەتی کردۆتە نیشانە و قەوارەی هەرێم ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوبچوکردنەوە دەبات. ئەگەر دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی تا کۆتایی هاتنی شەری داعش و ١٦ ئۆکتۆبەر، پێگەیەکی سیاسی بەهێزی هەبوو، ئێستا پیگەی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی هێندە لاواز بووە، چاوی لەوەیە موچە دابەش بکات و بەغدا قبوڵی بکات. بزوتنەوەی گۆڕان نەک هیچ وەڵامێکی بۆئەم دۆخە تازەیە پێ نییە، بەڵکو خۆی لایەنێک لە قوربانیەکانیەتی...

بزوتنەوەی گۆران لەناو دڵی ئەم دۆخە تازەیەدا دەستی بۆ کۆنفرانس برد، بەڵام بەمامەڵەی کۆن لەگەڵ دۆخی تازە و بە لێدانەوەی قاوانە کۆنە لەکار کەوتوەکان لەگەڵ هەلومەرج و پیشهاتی تازەی بەرجەستەدا لەئاستی دنیا و ناوچەکەو عێراقدا.

بزوتنەوەی گۆڕان... کۆنفراسی بەست و تەواو بوو، بەڵام هیچ پرۆژەیەکی تازەی بۆ ئەم دۆخە نوێیە و جیاواز لەگەڵ سیاسەتی پارتی و یەکێتی نەهێنایە دەرەوە. ئەوە یانی شکست و خولانەوە لە بازنەیەکی داخراودا.

هیچ هێزێکی سیاسی لە ناو خانەوادەی بۆرژوازی کوردا، بە بێ هێنانە گۆری سیاسەت و نەخشەو پرۆژەیەکی دیاریکراوی تەواو جیاواز لە پارتی و یەکێتی، و بەبێ تیگەیشتن لە دۆخ و تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتی میلیشیایی و پرۆژەی تێپەراندنی، شانسی بوون بە هێزیکی کاریگەری نییەو هەر لە کەنار و پەراوێزی پارتی و یەکێتیدا، دەتوانێت ژیان بکات و هەناسە بدات، ئەوە ئەو هەلومەرجەیە کە ئیستا بزوتنەوەی گۆران تیایەتی، تەنانەت کشانەوەی گۆران لە حکومەتیش کە کۆنفرانس دەنگی پێداوە، ناتوانێت هیچ ئاڵوگۆرێک بەسەر پێگەی بزوتنەوەی گۆڕاندا بهێنێت و خەڵکی کوردستان خۆشباوەر بکات. سەردەمی بزوتنەوەی گۆران تێپەڕی.

**کۆتایی جەنیوەری ٢٠٢٤**

بۆپێشەوە
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
FORWARD
Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
مستەفا باهیر، کامەران لەتیف، عامر سابیر، وریای ڕەسام، عوسمان حاجی مارف، بەندی عەلی، حەسەن عەباس، مەحمود حەلاق، کاوان قادر،، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود, مەنسور حیکمەت...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت
بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەت وپەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net


## هۆنراوەی بەندی عەلی



دەبدەبەی غروری عەقڵی
کە تەنها هەڵاوی وەهم
و
درۆی دیرۆکی تیاماوە
..
لێی بۆتە عەمباری عیلم
و
سندوقی بۆراقی عیرفان
..

جەنابی سەرکردەی مەزن
،
شاپەسەندی ئاخر زەمان
..
ئەوەندەش بە خۆی
دەنازێ
لەم قات و قریە
عیشقەدا
مەگەر خاڵوانێ بیخوازێ ،
جەنابی سەرکردەی مەزن
چەلەنگی فسفس
پاڵەوان! ..
................................

..........
لە شۆڕشەکانا،
ئازاکان دەکوژرێن و
دۆنکیشۆتەکان
دەبنە پاڵەوانی
مێژوو



## بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام

دوا وتە

## کۆنفرانسی نیشتیمانی بزوتنەوەی گۆڕان...خولانەوە لە بازنەی داخراودا!

عەبدوڵا مەحمود

رۆژانی ٢٠/٢١/٢٢/١/٢٠٢٤ بزوتنەوەی گۆڕان کۆنفرانسی دووەمی خۆی لە ژێر ناوی "بەرەو قۆناغێکی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنكارییەكان" بەست.

بزوتنەوەی گۆڕان دوای ١٠ ساڵ دواكەوتن لەكاتی خۆی، كۆنفرانسی دووەمی خۆی بەست، دواكەوتنی كۆنفرانس بۆ ئەو ماوە درێژە، پەیوەندی بە دۆخی نەخوازراوی بزوتنەوەی گۆڕان چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لەئاستی دەرەوەیدا بوو.

لە ئاستی ناوخۆییدا، ئەم بزوتنەوەیە دەرگیری چەندین كێشە بوو، كە بەجیا لە بەشێكیان، زوربەیان ریشەیان لە ئەزمەی بزوتنەوەی گۆڕان لە ئاستی كۆمەلایەتی و لە مەیدانی سیاسی و رەوتی پاشەكشەی بزوتنەوەكەدا بوو. بزوتنەوەی گۆڕان بە پلەی یەكەم بە جیابوونەوە لە یەكێتی نیشتیمانی و بە بانگەشەی گۆڕانكاری گەورە لە ئاستی حكومڕانییدا، بە بانگەشەی چاكسازی و وەستانەوە بەرووی دزی و گەندەڵی و لە پێناو شەفافیەت و جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان و ئاڵوگۆر لە دۆخی سیاسیدا هاتە مەیدان، سەرەتا توانی سواری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ببێت و خۆشباوەرییەكی زۆر لەناو بزوتنەوەی نارەزایەتیەكاندا دروست بكات و لەدەوری خۆی كۆیان بكاتەوە. ئەوە لە كاتێكدا بوو خودی بزوتنەوەی گۆڕان رەوتێكی خۆشباوەر بەواقعیەتی سیاسی كوردستان بوو.

بزوتنەوەی گۆڕان لە بنەرەتدا جگە لە بانگەشەی چاكسازی و شەفافیەت كە تۆختر لە پارتی و یەكێتی بەیانی دەكرد، هیچ جیاوازییەكی بنەرەتی لەگەڵ پارتی و یەكێتی نەبوو. لە پەیوەند بە پرسە بناغەیەكانی كۆمەڵگەی كوردستانەوە لەوانە جۆری سیستەمی سیاسی، فیدرالیزم، مامەڵە لەگەڵ دین، لە بزوتنەوە كۆمەڵایەتیەكان، لەگەڵ وڵاتانی ناوچەكە، لە زەمینەی ئابوری...تاد هەڵگری هەمان ڕێچەكەی پارتی و یەكێتی بوو. نەبوونی جیاوازی بناغەیی بزوتنەوەی گۆڕان لەپەیوەند بە پرس و مەسەلە سەرەكیەكانی كۆمەڵگەی كوردستان زۆر زوو بزوتنەوەی گۆڕانی لەگەڵ رەوتێكی روو لەخوار بەرەو روو كردەوە. خەڵكی كوردستان و لیدانی دڵی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری كەلە پایەترین ئاستیدا رەتكردنەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەكێتییە، هێزیكی تر ئەگەر دەست نەبات بۆ لابردنی ئەم دەسەڵاتە، بەناچار دەبێتە بەشێك لەو دەسەڵاتە و تەنانەت ئەگەر دەیان كورسی پەرلەمانیش بهێنێت، ناتوانێت دەسەڵات بگرێت و ببێتە سەرچاوەی ئاڵوگۆری بنەرەتی. بزوتنەوەی گۆران لەسەرەتادا توانی ٢٤ كورسی پەرلەمانی بهێنێت و ببێتە هێزی دووەم لە كوردستاندا، بەڵام دەسەڵاتی دووەمی وەرنەگرت و هەر لە ژێر هەژموونی

بۆ لاپەڕە 13